

ئافرەتێکی تەنیا

ژیان و
هەڵبژاردەی هۆنراوەکانی

فروغ فەڕڕوخزاد

گۆڕینی: د. ناصح قەرەداخی (ئارام قەرەداخی)

هەولێر ٢٠٠١

ژمارەی سپاردن : ١٨٦ ساڵی ٢٠٠١

چاپی یەکەم: ٢٠٠١

چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

چاپی دووەمی ئەلەکترۆنی ٢٠٠٨

nasihqeredaxi@yahoo.com

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ

ناوەرۆك

پێشەکی

فروغ واتە بە ١٧ ساڵی لە پەنا دیواری هەرزەکاریدا دەست پێکردن، ناکامی پێشوەخت و ئەسیری شەیدایی بوون، یاخی بوون لە ژانی دابڕان و ژیان لە سێبەری ئارەزووە هەڵکشاوەکانی تەنیاییدا، لەدایك بوونێکی تر لە ٣٠ ساڵیدا و گەیشتن بە لوتکەی وەهمی سەوزی شیعر، ماڵئاوایی لە خێرایی تێپەربوونی زەماناو گەیشتن بە دەمی ساردی مژەری گۆڕ لە ٣٢ ساڵیدا پێش ئەوەی لە مەنزڵگای پەرییەکی خەمگینەوە بگاتە سەرەتای وەرزی سەرماو وشە تەزیوەکان لە کوانووی خەیاڵی داگیرساویدا بکات بە دەزووی شیعرەوەو ملوانکە تازەکەی پێشکەشی شاعیرانی حەپەساوی سەردەمی خۆی بکا، تا جارێکی تر تاقانەیی و بلیمەتی ئەو ئافرەتەیان بۆ ئیسپات بکاتەوە کە لە تەمەنێکی کورتا توانی کاریگەرییەکی درێژخایەن لەسەر ئەدەبیاتی ئێران بەجێ بهێڵـێ.

تەنیا ئافرەتایەتی فروغ و تایبەتمەندێتی شیعرەکانی نەبوون بەهۆی ئـەوەی فروغ وەك بلیمەتێکی سەردەمی خۆی پەنجەی بۆ رابکێشرێ. ناکامی ژیانی تایبەتی و کورتی تەمەن و زۆری بەرهەم و یاخی بوونی فیکری و کارکردن لە بوارەکانی تری هونەردا، هەموو ئەمانـە فروغیـان کـردووە بـە ئەفسانەیەك کـە هێشتا تێگەیشتنی ئاسان نیە.

خوێنەری کـورد زیـاتر فـروغ وەك فروغـی لـەدایکبونێکی تـر دەناسـێ، واتـە فروغی لوتکە بەڵام فروغ پـازدە سـاڵ و سـێ دیـوانی پێچـووە تاگەیـشتووەتە ئـەو قۆناغە. ئامانجی ئەم کتێبەش ناساندنی فروغـە وەك ٣٢ سـاڵ ژیـان و پـازدە سـاڵ ئەزموونی شیعر. هەر بۆیەش ئەو هۆنراوانـەی هەڵبـژێردراون هـەر پێـنج دیوانەکـەی

دەگرنــەوە هەرچــەندە لەبــەرهۆی ئاشــکرا زۆربــەی هۆنراوەکــان هــی دیــوانی (لەدایکبوونێکی تر) و (باوەربێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما) ن.

لەگــەل پاراســتنی گیــانی هۆنراوەکانــدا هــەوڵ دراوە جەستەشــیان، تــا ئەوەندەی لەتوانادابێ ، وەك شیعری فروغ بپارێزرێ، واتە شیعرە عەموودییەکان بە عەموودی تەرجەمە کراون و لەهەموو حاڵەتێکدا هــەوڵ دراوە مۆسـیقای هۆنراەکـان پارێزراوبێ. ئەمــەش بــەلای منــەوە باشـترین شـێوەی تەسـلیم کردنــی ئەمانەتــە بــە خوێنەر ئەگینا چۆن بزانێ فروغ چۆن دەستی پــێ کـردووە و بەچــی گەیـشتووە لــە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ دارشتنی وشە و مۆسیقای شیعرەکانیدا.

رەنگە زۆر لەم هۆنراوانە پێشتر تەرجەمەکرابن، بەڵام تەرجەمەی شیعر وەك بابەتی تر نیە و سەلیقەی وەرگێڕ جیاوازییەکی زیاتری تێدا دروست دەکا. مەرجیش نیە ئەوانەی ئەم کتێبە باشترین تەرجەمە بن، گرنگ ئەوەیە یەك دەستەن و و یەکدەستن و ئاشنایی یەکی یەکپارچەتر دەربارەی فروغ دەخەنە روو.

د. ناصح قەرەداخی
٢٠٠٠/١/١٣
هەولێر

فروغ لە قەڵەمڕەوی شیعر و ژیاندا[١]

بە پێنووسی بیهروزی جەلالی

مەزن بوو
خەڵکی ئەمڕۆ بوو
هاوپەیوەند بوو لەگەڵ گشت ئاسۆ والآکان
لە ئاوازی ئاوو زەویش چەند بە باشی تێدەگەیشت [٢]

فروغی فەرروخزاد رۆژی ١٣١٣/١٠/١٥ ی کۆچیی هەتاوی(بەرامبەر ١٥/١/ ١٩٣٥ ز) لە جیهانێکدا چاوی هەڵهێنا کە جیهانی ئەو نەبوو، دنیای ئەو نەبوو، دنیای خەڵکی تر بوو کە چارەنووسی ئەوو هاوزەمانەکانی ئەویان دیاری دەکرد. منداڵیی فروغ لە خێزانێکدا بەسەر چوو کە کە بەهۆی ئەوەوەی کە باوکی سووپایی بوو ژیانی خێزانەکەی ئاوێتەی زەبر و زەنگ و دەسەڵاتی رەها بوو: " دەموچاوی باوکم پڕ لە زەبروزەنگێکی سەیری پیاوانە بوو. ئەو مۆن و ساردو توند بوو. سەربازێکی راستەقینە بە دەموچاوێکی خواستراوەوە یان باشتۆر بڵێم بە دەمامکی خۆدەربازکردنەوە: هەمیشە هەروا بوو. بیرمە هەر کە دەنگی پۆستاڵەکانی بەرز دەبۆوە هەمووومان شپرزە دەبووین و خۆمان لەبەرچاوو و بەردەستی دوور دەخستەوە. بەڵام هەرئەم باوکە کاتێ جارجار دەهاتەوە سەرخۆی و دەمامکەکەی فرێ دەدا، بەگەرمترین هەست و سۆزەوە لەباوەشی دەگرتین و جوانترین فرمێسك لەگۆشەی چاوەکانیەوە دەرژانە خوارێ. باوکم عاشقی شیعر بوو و ئێستاش هەر وایە. باوکم بێجگە لە خوێنەدنەوە هیچ سەرگەرمی یەکی تری نەبووە و نیە. باوکم

[١] لەپێشەکیی دیوان اشعار فروغ ـەوە وەرگیراوە، بە مەبەستی کورت کردنەوە، هەندێ پەرەگرافی تەرجەمە نەکراوە

[٢] سوهرابی سپیهری، هۆنراوی " هاوڕێ" کە شیننامەیە بۆ فروغ

هەمیشە لە دووی لێکۆلینەوەو دۆزینەوە بووە و هەر واشە. هەموو ماڵەکەی پڕ کردبوو لە کتێب و ئێستاش ژمارەیەك لەو کتێبانە لە ژوورە تۆزداگرتووەکەیدا بەم لاو لادا کەوتوون."[٣]

دایکی فروغ ئافرەتێکی سادە بوو، دەتووت لەسەردەمی رابوردوودا دەژی، رابوردووی پڕ لە چاکە وجوانی و نەریتی پیرۆز. " دایکم ژنێك بوو بە مانای تەواوی وشە. ژنێکی سادە دڵ، مندالّ ئاسا و خۆش باوەڕ. ژنێك کە توانای ناسینی خراپەی نەبوو و هەموو دنیا و مرۆڤەکانی لەشێوەی باش و چاکەدا دەبینی، ژنێك بوو بەستراوە بە هەموو عادەت و نەریتەکانەوە."[٤]

براکانی فروغ بریتی بوون لە ئەمیر مەسعوود و میهرداد و میهران و فەرەیدوون و خوشکەکانیشی پووران و گلۆریا بوون. فروغ چوارەمین منداڵی ئەم خێزانە بوو.

منداڵی فروغ لە دنیای چیرۆکدای تێپەڕی." لە منداڵیدا شەیدای چیرۆك بوو. باوەگەورەمان زۆر چیرۆکی خۆشی دەزانی و فروغ یەك سات وازی لێ نەدەهێنا. کاتی گوێی بۆ چیرۆکەکان رادەگرت تووشی دڵگەرمی یەکی سەیر دەبوو."[٥]

تیشك و بووك و شنەی نەسیم و باڵندە، رۆشنایی و ئاو سەراپای ژیانی منداڵیی فروغیان سەرریژ کردبوو، بەجۆرێك کە دواتریش لەدووتوێی جل و دەفتەرەکانی سەردەمی منداڵیدا بەدوای زەمانی ونبووی منداڵیی خۆیدا دەگەڕا. " بەنیسیبەت منەوەئێستاش کە سەردەمی منداڵی و تەنانەت لاویشم (لەرووی دەروونییەوە) تەواو کردووە ولە زۆربەی ئەو هەست وسۆزانەی کە خەڵکی لایان وابوو تەنیا بەهۆی منداڵی وناکامڵی یەوە سەرهەڵدەدەن، خاڵی بوومەتەوە، کەچی هێشتا زۆر شتی وا هەن گەرچی بەرواڵەت مایەی پێکەنینن، بەڵام بەتوندی من دەهەژێنن. هێشتا کاتێ سەرەتای پاییزی هەموو ساڵی کە دایکم جلوبەرگی

[٣] قسەی پورانی فەرروخزاد بۆ رۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٠/١١/٢١

[٤] هەمان سەرچاوە

[٥] پورانی فەرروخزاد، هەفتەنامەی بامشاد، ئابانی ١٣٤٧

منداڵەکان لە سندووقەکان دەردەهێنێ تا بیان دا بەهەتاو، گەڕان بە ناو گیرفانەکانیاندا و دۆزینەوەی دەنکە نۆکێ یان کشمیشێکی گەنیو کە زۆر جار لە بنی گیرفانەکاندا ماون، من تووشی حاڵەتێکی سەیر دەکات. کتوپڕ خۆمم ئەوەندە بچووك و بێگەرد وبێخەیاڵ دێتە بەرچاو. دەنکە گەنم و شادانە کەنووساون بەدەزووی بنی گیرفانەکانەوە دەمگێڕنەوە بۆ ساڵانی زوو. ئەو هەستە ناسك و شادەی سەردەمی منداڵیم زیندوو دەکەنەوە. ئێستاش دەفتەرەکانی مەشقی پۆلی دوو و سێی سەرەتاییم ماون هەموو سامانی من ئەو کاغەزە کۆنانەن کە بە درێژایی ئەم ساڵانە کۆم کردۆتەوە و بۆ هەرکوێ دەچم لەگەڵ خۆمی دەبەم. ئەو کاغەزانەی کە رۆژانێك دەست هاورێکانم لەسەریان نیشانەیەك ، نووسینێك یان وێنەیەکیان کێشاوە. بینینی هەریەکێ لەوانە دەمخاتەوە بیری یەکێ لە رۆژە لەدەست چووەکانی ژیانم و دەڵـێی دیسان هەموو شتێکم بۆ تازە دەبێتەوە."[٦]

سەرهەنگ محەمەدی فەرروخزادی باوکی فروغ بەحوکمی کارەکای خۆی شێوازێکی تایبەتیی لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیدا بەکار دەهێنا. زۆر حەزی دەکرد منداڵەکانی وەکوو سەربازی سوپا لەگەڵ سەختی و دژواریدا رابێن. " باوکم هەر لەمنداڵییەوە ئێمەی لەگەڵ زەحمەت و دژواریدا راهێناوە. گەرچی لەماڵەکەماندا بەتانیی نەرم و زۆرچاك هەبوو، بەڵام ئێمە لەژێر بەتانیی سەربازیدا نوستووین و گەورەبووین. باوکم بەو شێوازە تایبەتییەی بۆپەروەردەکردنی منداڵەکانی گرتبوویە بەر ئێمەی گەورەکردووە.بیرمە کاتێ لەسەرەتایی بووین بەدرێژایی پشووی هاوین لەگەڵ براکانمدا لەماڵەوە دادەنیشتین و کتێبەکۆنە و رۆژنامە دراومان دەکرد بە زەرف و خزمەتکارەکەمان دەیبرد لەبازار دەیفرۆشتن و پارەکەی بۆدەهێنایەوە و ئەو پارەیەی لەمەوە دەستمان دەکەوت جگە لە پارەی رۆژانەی خۆشمان ، بەئارەزووی خۆمان سەرفمان دەکرد. باوکم بەمجۆرە دەیویست پێمان بڵێ کارکردن نەنگ نیە و هەرکەسێ بتوانێ بە بازووی خۆی نان پەیدا بکا هەقیەتی

[٦] فروغی فەرروخزاد، بیرەوەرییەکانی سەفەری ئەورووپا، گۆڤاری فیردەوسی، ساڵی نۆیەم

پیاوی خۆی بێ و سەربەرز بێ. ئەڵبەتە ئێمە هیچ پێویستمان بە کارکردن نەبوو، ئەوەندەی بیرم بێ هەمیشە بەشێوەیەکی شایستەکەلوپەلی ژیان و خوێندنی بۆ دابین دەکردین. ئەگەر بەلای خەڵکەوە من کەللەرەق وپشت بەخۆبەستووم ئەوە لەو رووەوە قەرزاری شێوازی پەروەردەی باوکمم."[٧]

فروغ سەردەمی بێخەیاڵیی تێپەراند و چووە قوتابخانە. لەم سەردەمەدا فروغ زۆر حاڵەتی جیاوازی هەبوو. " شەیتانێك بوو بەسەر دارو بەردا سەردەکەوت. وەك کورگەل دەچووە سەر پۆپەی درەختەکان و وەك شەیتان بە رەفتاری خەڵکی دەهێنایە پێکەنین."[٨] لە روویەکی تریشەوە کیژۆڵەیەکی " غەم داگرتووی بیانووگری ورکن و هەستیار بوو کە جاری واهەبوو لەبەر هۆی زۆر هیچ ماوەیەکی زۆر بەدەنگی بەرز دەگریا."[٩] سەرەنجام فروغ سەرەتایی تەواو کرد و چووە سانەوی.

لەبەرئەوەی باوکی عاشقی شیعرو ئەدەبیات بوو فروغیش کە کەم کەم ئارەزووی خوێندنەوەی شیعری لا پەیدا بووبوو و لەم سەردەمەدا خوێندنەوەی شیعری زیاتر و گەرمتر درێژە پێدا و وردە وردە شیعر وتن هاتە سۆراغی. " هەرگیز ئەو رۆژەم لەبیر ناچێ کە فروغ بۆ یەکەم جار شیعرێکی کورتی نووسی ونیشانی منی دا. من ئێستاش ئەو شیعرەم بە دەستوخەتی فروغ لاماوە. لەسەر شێوازی نوێ بوو، بە برگەی (دوور لێرە، دوور لێرە) دەستی پێدەکرد. ئەو کاتەە فروغ لە سانەوی بوو."[١٠]

فروغ خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ:" کە ١٣-١٤ ساڵە بووم زۆر شیعری غەزەلم دەنووسی بەڵام قەت بڵاوم نەدەکردنەوە. ئیتر شیعربوو دەموت، بەشێوەیەکی غەریزەیی لە ناخمدا دەجۆشا. رۆژی دوو سێ دانە، لە مووبەق، لە

[٧] هەمان سەرچاوە

[٨] قسەی پورانی فەرروخزاد بۆ رۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٠/١١/٢١

[٩] هەمان سەرچاوە

[١٠] قسەی باوکی فروغ بۆ رۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٣/١١/٢٤

سەر مەکینەی جل دروون. هەروا دەمگوت. زۆر یاخی بووم، هەر لەخۆمەوە دەموت. چونکە یەك لەسەر یەك دیوانم دەخوێندەوە و پڕ دەبووم. تۆزێ بەهرەشم هەبوو. ناچار دەبوو بەجۆرێك هەڵی رژم. نازانم ئەوانە شیعر بوون یان نا بەڵام دەزانم زۆر (من) ی ئەو سەردەمە بوون، بێگەرد بوون و ئەزانم زۆر ئاسانیش بوون. من هێشتا نەخەملّیبووم، زمان و شێواز و دنیای فیکری خۆمم بەدەست نەهێنابوو."[١١]

شان بەشانی شیعر فروغ لە دارشتنی پەخشانیشدا پێشکەوتنێکی باشی بەدەست هێنابوو، بەجۆرێك مامۆستای دارشتن باوەری نەدەکرد ئەو پەخشانانەی فروغ لە پۆلدا دەیانخوێنێتەوە هی خۆی بن. " یەکێ لە هاورێکانی پۆلی فروغ دەیوت: وانەی دارشتن بە نیسبەت فروغەوە ناخۆشترین وانە بوو. هەمیشە دەیوت لە دارشتن بێزارم، چونکە پەخشانی زۆر جوانی دەنووسی و مامۆستاش هەمیشە سەرزەنشتی دەکرد و پێی دەوت: فروغ تۆ ئەمانە لە کتێب دەدزی."[١٢]

لە کاتێدا لە سانەوی دەیخوێند و تەمەنی لە ١٦ ساڵ تێنەپەری بوو، فروغ لە پرێکدا شووی کرد(١٣٢٩). " فروغ لە پۆلی حەوت بوو کاتێ شووی کرد بە پەرویزی شاپور. پەرویز نەوەی پووری دایکمە. ئەوکاتە زۆر دەهاتە ماڵی ئێمە. کابرایەکی خۆش مەجلیس و قۆشمە بوو. منداڵەکانی لە خۆی کۆ دەکردەوە و چیرۆکی هەزەلی بۆ دەگێرانەوە و فروغ زەق زەق چاوی دەبریە دەمی پەرویز. کە ئێمە هەستمان بەوە کرد کە ئەم جووتە عاشقی یەك بوون هەموو سەرسام بووین چونکە فروغ لە پۆلی حەوت بوو و پەرویز زانکۆی تەواو کردبوو، پازدە ساڵ لە فروغ گەورەتر بوو. کاتێ ویتەویتی شوو کردن بڵاوبۆوە خێزانەکەمان رازی نەبوون بەڵام زۆری نەبرد باوکم رەزایەتی دا. کاتی گواستنەوە بیرمە شاپور تەنانەت نەیتوانی جلی بووکێنیش بکرێ چونکە هیچی نەبوو ئەمەش مایەی نارەزایی ئێمە

[١١] گفتوگۆ لەگەڵ فروغ، ل ٢٧-٢٨

[١٢] گۆڤاری زن روز، ئەسفەندی ١٣٤٥

بوو. بەڵام فروغ مانی لە خواردن گرت و تۆرا و وتی من ئاهەنگم ناوێ، جلم ناوێ، خشڵم ناوێ، هیچم ناوێ.بەم جۆرە شووکردنێکی سادە و بێ مەراسیمیان ئەنجام دا."[13]

پاش تەواو کردنی پۆلی سێیەمی سانەوی(ناوەندی) فروغ چووە ئامادەیی پیشەیی ئافرەتان و فێری بەرگدروون و وێنەکێشان بوو. ماوەیەکیش لای مامۆستا عەلی ئەسغەری پەتگەر وێنەکێشانی دەخوێند.

ساڵی ١٣٣١ کاتێ تەمەنی فروغ لە ١٧ ساڵ تێنەپەری بوو، یەکەمین کۆمەڵە هۆنراوەی بەناوی (ئەسیر) ـەوە بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە ساڵی ١٣٣٤ یش بە هەندێ گۆڕانگارییەوە دووبارە چاپ کرایەوە.

هەر لەم سەردەمەدا هۆنراوەیەکی فروغ (گوناهـ) لەیەکێ لە گۆڤارەکاندا بڵاوکرایەوە. " کاتێ هۆنراوەی (گوناهم کرد) لە گۆڤارێکدا بڵاوکرایەوە جارو جەنجاڵێکی زۆر لەناو خێزانەکەیدا بەرپا بوو. فروغ جانتاکەی هەڵگرت و ماڵی باوکی بەجێ هێشت. ژوورێکی لە پشت سانەوی فیروزکوهی یەوە بەگرێ گرت تا تیایدا بژی. ئەو کاتە تەنانەتە یەك سەرینیشی نەبوو. ئەتوانی بە ئاسانی وەزعی بێنیتە بەر چاوی خۆت" پارەی نەبوو، ئیشی نەبوو، مووچەی نەبوو، لەژێر گوشارێکی زۆردا بوو. فروغ بە دژوارترین بارودۆخ دەستی پێ کرد."[14]

باوکی فروغ لەم بارەیەوە دەڵێ:" ژیانی فروغ دوو قۆناغ بوو: کاتێ دەستی بە شیعر وتن کرد من هانم دەدا، بەڵام کاتێ شیعر وتن بووە هۆی دروست بوونی جارو جەنجاڵ لەدەوری، خەریك بوو ژیانی خێزانیی لێك بترازێ، پێم خۆش نەبوو، چونکە لام وابوو ئەم هەنگاوە و ئەم ڕێگەیەی هەڵی بژاردووە دەبێتە هۆی هەڵوەشانی ژیانی خێزانیی."[15]

---

[13] پورانی فەرروخزاد، هەفتەنامەی بامشاد، شەهریوەری ١٣٤٧

[14] قسەی پورانی فەرروخزاد بۆ رۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٣/١١/٢٤

[15] قسەی باوکی فروغ بۆ رۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٣/١١/٢٤

ئەم دابڕانەی فروغ لە خێزانەکەی زۆری نەخایاند. " تکام لە فروغ کرد رێگەم بدا لەگەڵ باوکی قسە بکەم و ئاشتیان بکەمەوە بۆ ئەوەی فروغ بتوانێ بگەرێتەوە ماڵەوە. بەڵام ئەو زەمانە فروغ زۆر باوەری بە باوکی نەبوو. باوك و دایکی لێك جودا ببوونەوەو باوکی ژنێکی تری هێنابوو. "[16] بەڵام سەرەنجام ناوبژی سەری گرت. " بە باوکی فروغم گوت: تۆ لەماڵەوە یەك ژوور بدە بە فروغ ئەو خۆی رێکی دەخات. باوکی رازی بوو و ژوورێکی چۆڵی پێدا. فرووغ راخەری بۆ ژوورەکە کڕی و هاورێکانیشی هەیەکە شتێکیان بۆ برد و بەموجۆرە ژووەکەی تەرتیب بوو. بیرمە چەند جارێکیش هەر لەو ژوورەدا پێشوازی لە میوان کرد."[17]

ساڵی ١٣٣٢ فروغ لەگەڵ مێردەکەیدا کۆچی کرد بۆ ئەهواز تا ژیانێکی تازە دەست پێ بکات. بەڵام زۆری نەخایاند فروغ گەڕایەوە بۆ تاران چونکە لەگەڵ مێردەکەیدا نەیانتوانی بوو پێکەوە بژین و بەسەر جیاوازییەکانیاندا زاڵ ببن. لەدایکبوونی (کامیار)ی کوڕیشیان نەك هەر ئەم جیاوزازییانەی کەم نەکردەوە بگرە فراوانتریشی کرد. " فروغ تا لەدایکبوونی کامیاری کوریشی هێشتا هەر نەبوو بوو بە ژنێکی تەواو، منداڵ بوو. ئەو تاتەمەنی ١٤–١٥ ساڵی زۆر ناشیرین بوو. ئەم ناشیرینییەی سیماشی زۆر ئازای دەدا. بەڵام کە کامی هاتە دنیاوە فروغ شکۆفەی کرد. لەپرێکدا جوان بوو. پاش ئەوەش ناکەکی نێوان خۆی و شاپور زیاتر و بەتینتر بوو. ئەم ناکۆکییە هەرچی بووبێ لە پەیوەندی عاتیفی نێوانیانەوە سەری هەڵ نەدەدا. فروغی خوشکم ژنێکی میزاج سارد بوو. ئەگەر زۆر پەنای دەبردە بەر موحیببەتی زۆر کەس لەبەر مەسەلەی عاتیفەیی و غەریزەیی نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو نەبوونی موحیببەتەوە بوو کە هەموو دڵی ساردکربۆوە. سەرەنجام ناکۆکییەکە پەرەی سەندو فروغ نەخۆش کەوت و ماوەیەك لە ئاسایشگا(ی دەروونی) کەوت. کە دەرچوو، ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەی ئاسایشگاشی بەجێ هێشتبوو، هەر حاڵی

---

[16] تووسی حایری، هەفتەنامەی بامشاد، ١٣٤٧/٦/١٢

[17] هەمان سەرچاوە

خراپ بوو. فروغ و شاپور لە دوو دنیای جیاواز بوون. فروغ هەست ناسك و پەرێشان و سەرشێت بوو بەڵام پەرویزی شاپور کابرایەکی مەنتیقی و بە حساب و بەکورتی پیاوێکی ئاسایی بوو کە وەك هەموو پیاوانی تر دیدێکی تایبەتی بۆ ژیان نەبوو. هەڵبەتە ئەو دووە نەیانتوانی پێکەوە بژین."[18]

سەرەنجام ساڵی ١٣٣٤ لەیەك جواد بوونەوە. فروغ خۆی دەستی لەم جیابوونەوەیەدا هەبوو: " من حەزم نەدەکرد فروغ لە مێردەکەی جودا ببێتەوە بەڵام ئەو ئەوەندە سوور بوو لەسەر ئەوە تا سەرەنجام جیابووەوە. ئەخلاق و رەفتاری فروغ تایبەت بە خۆی بوو. لەهەمان کاتا کە ئەوپەری میهرەبان و هەست ناسك و بەبەزەیی بوو، بیروڕای تایبەت بە خۆیی هەبوو. هیچ شتێك و هیچ کەسێك نەیدەتوانی لەو بیرورایەی یان لەو بڕیارەی کە داویەتی دەست هەڵگرێ. هەرچەندە وەکوو باوك کاریگەریم لەسەری هەبوو بەڵام کاتێ بڕیاری دەدا بەهیچ جۆرێك نەمدەتوانی کاری تێبکەم. گەرچیش بەرواڵەت ئەمەم پێ ناخۆش بوو بەڵام لەناخەوە ئافەرینم دەکرد."[19]

لەم جیابوونەوەیەدا راستی یەکی تریش شاراوەیە کە نابێ لەبیربکرێ، ئەویش ئەوەیە فروغ ناچاربوو لە نیوان شیعرو ژیاندا یەکێکیان هەڵبژێرێ. بەوکەللەرەقییە غەریزەیی یەی فروغیشەوە کە دەڵێ :" من لەو مرۆڤانە نیم کە ئەگەر ببینم یەکێکی تر سەری داویەتی بەبەردا و شکاوە ئیتر بێمە سەر ئەوباوەرەی نابێ بەرەو رووی بەرد بچم. من تاسەری خۆم نەشکێ مانای بەرد تێناگەم،"[20] ئەو رێگەی شیعری گرتەبەرو پەیوەندی لەرزۆکی نێوان ئەو دوو مرۆڤەی هەڵوەشاند.

---

[18] پورانی فەرروخزاد، هەفتەنامەی بامشاد، ٢٦ی شەهریوەری ١٣٤٧

[19] تووسی حایری، هەفتەنامەی بامشاد، ١٣٤٧/٦/١٢

[20] گفتوگۆ لەگەڵ فروغ، ل ٢٧–٢٨

یاساش، ئەم پەتە لەرزۆکەی عەدالەت، کوڕەکەی لە فروغ سەند و تەنانەت رێگەی بینینیشی پێ نەدا. فروغ شازدە ساڵی تەواو تاکۆتایی ژیانی شەیدای کورەکەی بوو بێ ئەوەی بیبینێ و سوێندی سەرەکیشی " بەگیانی کوڕەکەم " بوو. کاتێ چاوی منداڵانەی عیشقی ئەویان بەدەسڕی یاسا بەست، فروغی یاخی هیچی بۆ نەمایەوە شەیدا بوون و خۆش ویستن نەبێ، خۆش ویستنێکی شێتانە.

کاتێ کە ئیعتیمادی من هەڵواسرابوو بە پەتی ناسکی عەدالەتاو
لەگشت شارا
دڵی چراکانمیان پارچە پارچە دەکرد
کاتێ کە چاوی منداڵانەی عیشقی منیان
بەدەسڕی تاریکی یاسا دەبەست و
لە لاجانگی پەشێوی ئارەزوومەوە
فوارەی خوێن هەڵ دەقولا
کاتێ کە چیتر ژیانم
شتێ نەبوو، شتێ نەبوو غەیری تیکتاکی کاتژمێری دیواری
لە بۆم دەرکەوت کە دەبێ، دەبێ ، کەدەبێ
وەکوو دێوانە عاشق بم[21]

بەمجۆرە بەهۆی شەیدایی شیعرەوە فروغ لە ژیانی خۆی و لە کورەکەی بێبەری ببوو و هۆنراوە ببووە جووت و هاورێیەکی تر. " پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ تەواو یان تەواوکەر بێ، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا. بەڵام شیعر بۆ من وەك هاورێیەکە هەر کاتێ پێی دەگەم ئەتوانم بەدڵی خۆم دەردەدڵی بۆ بکەم. شیعر جووتێکە من تەواو دەکات... هەندێ کەس کەموکوری خۆیان بە پەنابردنە

---

[21] باوەربێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما، هۆنراوەی پەنجەرە

بەر خەڵکی تر چارە دەکەن، بەڵام هەرگیز چارە ناکرێ. ئەگەر چارە بکرابا ئاخۆ هەر ئەم پەیوەندییانە خۆیان گەورەترین شیعری دنیای وجوود دەرنەدەچوون؟"[٢٢]

بەنیسبەت فروغەوە شیعر دەرگایەك بوو دەیبەست بە وجوودەوە، شتێك بوو بۆ تەبریر کردنی خودو دۆزینەوەی خود. " شیعر لای من پەنجەرەیەکە هەرکاتێ بۆلای دەچم بەروومدا دەکرێتەوە، دادەنیشم، دەروانم، گۆرانی دەڵێم، هاوار دەکەم، دەگەرێم، لەگەڵ وێنەی درەختەکاندا تێکەڵ دەبم و ئەزانم کە لەولای پەنجەرەکەوە دنیایەك هەیە و یەکێك دەبیستێ" کەسێك لەوانەیە ٢٠٠ ساڵ لەمەودوا هەبێ یان ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر هەبووبێ. جیاوازیی نیە. شیعر هۆکارێکە بۆ پەیوەندی کردن بە وجوودەوە بە مانا گەورەکەی. خۆشییەکەی ئەوەیە کاتێ مرۆڤ شیعر دەڵێ دەتوانێ بڵێ: منیش هەم، یان منیش هەبووم. من لە شیعری خۆمدا بەدوای هیچا ناگەرێم بەڵکوو لە شیعری خۆمدا تازە خۆم دەدۆزمەوە."[٢٣]

وردە وردە شیعر لای فروغ بوو بە شتێکی جیددی. شیعر وەڵامێکە دەبی بە ژیانی بداتەوە. " ئێستا شیعر بەلای منەوە مەسەلەیەکی جیددییە.بەرپرسیارییەکە لەبەردەم وجوودی خۆمدا هەستی پێدەکەم. وەلامێکە ئەبێ بە ژیانی خۆمی بدەم. من ئەوەندەی کابرایەکی دیندار بە ئایینەکەی، رێزم بۆ شیعر هەیە. "[٢٤] بەراستیش دەبێ وابێ چونکە " شیعر لەراستیدا بەشێکە لە ژیان و هەرگیز ناکرێ جیا لە ژیان و لەدەرەوەی بازنەی ئەو کاریگەییانە دا بێ کە ژیانی واقیعی بە مرۆڤی دەگەیەنێ. ژیانی رووحی و تەنانەت ژیانی مادیش دەکرێ بە چاوێکی شاعیرانە تەماشا بکرێ. لەراستیدا ئەگەر شیعر بێموبالات بێ بەو دەوروبەرو هەلومەرجەی کە تیایدا دێتە کایەوە و گەشە دەکا، هەرگیز ناتوانێ ببێ بە شیعر."[٢٥]

---

[٢٢] گفتوگۆ لەگەڵ فروغ، ل ٤٨

[٢٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[٢٤] گفتوگۆ لەگەڵ فروغ، ل ٧٠

[٢٥] گفتوگۆ لەگەڵ فروغ، ل ٧–٨

بەڵام ئەگەر شیعر لای فروغ بەشێك لە ژیان بووایە هەرگیز ئاوا خۆی نەدەکردە قوربانی و خاچی لەناوچوونی خۆیی بەمجۆرە نەدەدا بە شانیدا. شیعر لای ئەو هەموو ژیان بوو، هەموو ساتەکانی ژیان لای ئەو ساتی شاعیرانە بوون، " باوەڕم بە شتێکی تریش هەیە، ئەویش شاعیرێتی یە لە سەراپای ژیاندا. شاعیرێتی واتە مرۆڤێتی. هەندێ کەس ئەناسم رەفتاری رۆژانەیان هیچ پەیوەندەی بە شیعرەکانیانەوە نیە. یانی تەنیا ئەو کاتە شاعیرن کە شیعر دەڵێن. پاش ئەوە تەواو. دیسانەوە دەبنەوە بە مرۆڤێکی رژدی نەوسنی زاڵمی بیرتەنگی چارەرەشی بەخیلی هیچ و پووچ. بەڵێ من قسەی ئەم جۆرە مرۆڤانەم قبووڵ نیە. من زیاتر گرنگی بە ژیان دەدەم و کاتێ ئەم کەسانە خۆیان سنگ دەردەپەرێنن و هاوا دەکەن ، مەبەستم لە شیعرو وتارەکانیاندا، من قینم هەڵ دەستێو باوەریان پێ ناکەم. ئەڵێم بلێی ئەم هاوارهاوارەیان بۆ قاپێ پلاو نەبێ ؟ لەوباوەرەدام ئەوکەسەی کاری هونەری دەکا پێویستە سەرەتا خۆی دروست بکا و کامڵ بکا بۆ ئەوەی بتوانێ حاڵەتێکی گشتگر ببەخشێ بە هەموو دەرك و بیر و هەستەکانی."[٢٦]

ساڵی ١٣٣٥ فروغ سەفەری ئیتالیای کرد. ئەم سەردانە بیانوویەك بوو بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخەی تێیدا گرفتار بووبوو. "گوشاری ژیان، گوشاری دوروبەر و گوشاری ئەو زنجیرانەی بەدەست و پێمەوە بەسترابوون و منیش بەهەموو تواناموە کۆششم دەکرد لەبەرامبەریاندا خۆم رابگرم، تەواو کەنەفت و پەرێشانیان کردبووم. من دەمویست یەك (ئافرەت) یانی یەك (مرۆڤ) بم. دەمویست بڵێم منیش مافی هەناسەدان و هاوارکردنم هەیە خەلکیش دەیانویست هاوارم لەسەرلێو و هەناسەم لە سینەدا کپ بکەن و بتاسێنن. ئەوانە چەکێکی تیژیان هەڵبژاردبوو منیش چیتر نەمدەتوانی پێبکەنم" نەك لەبەر ئەوەی پێکەنینم پێنەمابوو ، نەخێر

---

[٢٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٧٠

بەلکوو هێزم تیا نەمابوو. بۆیە مەبەستی بەدەست هێنانی توانا و وزەی تازە بۆ دیسان پێکەنین، لە پرێکدا بریارم دا ماوەیەك لەم دەوروبەرە دوور بکەومەوە."[٢٧]

پاش گەرانەوە بۆ ئێران فروغ دەستی دایە هونەرو داهێنان. " فروغ زۆری دەخوێندەوە، هەموو شیعرەکانی سەعدی ی لەبەر بوو. غەزەلەکانی حافزی لەبەر بوو. یەك لەحزە وازی لە خوێندنەوە نەدەهێنا. بیرمە پێش ئەوەی فروغ کارو داهاتێکی هەبێ تەنیا ٥–٦ کتێبی هەبوو بەلاّم لەم دوایی یەدا کتێبخانەیەکی تەواو گەورەی هەبوو. زۆر کەیفی بە خوێندنەوە دەهات و بیریشی باش بوو. ورد بوو. هەر شیعرێکی بوتایە یەکسەر لەبەری دەکرد. شیعرەکانیشی یەکجارە دەوت، هیچ دەسکاری نەدەکردن، هەمووی پێکەوە دەوت و لەسەر کاغەزێك پاکنووسی دەکرد."[٢٨]

سالّی ١٣٣٦ کۆمەڵە هۆنراوەیەکی تری فروغ بلاّوبۆوە بە ناوی (دیوار). ئەم هۆنراوانە گەرچی لەرووی ناوەرۆکە لە هۆنراوەکانی (ئەسیر) دەچوون، بەلاّم نیشانەی بەرەوپێشچوونی فروغیان پێوە دیار بوو لەمەیدانی شیعر و ئەزموونی تازەدا. " لە (ئەسیر) دا من تەنیا یەك دەربڕی سادەی دنیای دەرەوە بووم. ئەوسەردەمە هێشتا شیعر نەچووبووە ناخی منەوە. بەڵکوو هاومالّم بوو وەکوو مێرد، وەکوو دلّدار، وەکوو هەموو ئەو مرۆڤانەی ماوەیەك لەگەلّت دەبن. بەلاّم پاشتر شیعر لە مندا رەگی داکوتا و هەربۆیەش بابەتی شیعرم گۆرا. چیتر شیعر لای من دەربرینی هەست و نەستی تایبەت بە خۆم نەبوو. تا زیاتر شیعر لە مندا دەچەسپا من زیاتر بلاّو دەبوومەوە و جیهانی تازەم دەدۆزیەوە."[٢٩] پاشتر ئەزموونەکانی فراوانتر بوون و شاملۆی ناسی و بە دیدی شاملۆ بۆ (زمان) ئاشنا بوو . " کاتێ (ئەو شیعرەی کە ژیانە– شیعری شاملۆ)م خوێندەوە بۆم دەرکەوت

[٢٧] گفتوگۆ لەگەلّ فروغ، ل ٥

[٢٨] گفتوگۆ لەگەلّ فروغ، ل ١٥

[٢٩] گفتوگۆی سەدرەدینی ئیلاهی لەگەلّ فروغ، گۆڤاری سپید و سیاه ، ئەسفەندی ١٣٤٥

توانای زمانی فارسی زۆر گەورەیە. بۆم دەرکەوت دەتوانی بە ساکاری قسە بکەی. تەنانەت سادەتریش لە (لەو شیعرەی کە ژیانە). واتە بەهەمان ئەو سادەیی یەی کە ئێستا لەگەلّ ئێوە قسە دەکەم. بەلاّم تەنیا دۆزینەوە بەس نیە. وا بۆشم دەرکەوت، پاشان چی؟ لاسایی کردنەوەش تەجرەبەی دەوێ. .."[٣٠]

لە کۆتای ئەزموونێکی زۆردا سەرەنجام فروغ نیما و پانتایی دیدی نیمای ناسی. "من زۆر درەنگ نیمام ناسی و رەنگە بەواتایەکی تر زۆر لەکاتی خۆیدا ناسیبێتم. واتە پاش ئەو هەموو ئەزموون و دلّە راوکە و تێپەراندنی سەردەمی سەرگەردانی و لەهەمان کاتدا گەڕانەدا. زۆر زووتر شاعیرەکانی دوای نیمام ناسی وەك شاملۆ و ئیخوان. لە ١٤ سالّیدا مەهدی حەمیدی و لە بیست سالّیدا نادرپوور و سایە و موشیری باشترین شاعیری من بوون. هەر ئەو سەردەمە بوو گولّچین و لاهووتی و گەیلانیم ناسی و ئەم دوزینەوەیە چاومی لەبەردەم ئەو جیاوازی و مەسەلە تازانەدا کردەوە کە پاشتر لە مێشکمدا شاملۆ رێکی خستن و زۆر پاشتریش نیما بۆچوون و سەلیقەی، ئەتوانم بلّێم هەمیشەییمی، دەربارەی شیعر (دروست کرد) و شێوەیەکی هەمیشەیی پێ دا. .. ناتوانم بلّێم لەچ بوارێکدا لە ژێر کاریگەری نیمادام یان نیم. وردبوونەوە لەمە کاری خەلّکی ترە. بەلاّم ئەتوانم بلێم لەرووی فۆرمی شیعر و زمانەوە کەلّك لە شێوازەکانی ئەو وەردەگرم. بەلاّم لەولاشەوە– واتە هەبوونی بۆچوونی فیکریی تایبەتیی خۆم و ئەوەی کە لەراستیدا گیانی شیعرە– ئەتوانم بلّێم لەوەوە فێر بووم چۆن بروانم ، واتە ئەو پانتایی نیگای بۆ نەخشە کێشام. من ئەمەوێ بگەمە ئەو رادەیە. رەگ یەکە بەلاّم ئەوەی چەکەرە دەکا جیاوازە چونکە مرۆڤەکان جیاوازن. من بەهۆی تایبەتمەندێتی رۆحی و ئەخلاقیی خۆمەوە– بۆ نموونەش ئافرەت بوونم– بێگومان مەسەلەکان بە جۆرێکی

[٣٠] گفتوگۆ لەگەلّ فروغ، ل ٢٩

تر دەبینم. من ئەمەوێ نیگای ئەوم هەبێ بەڵام لەپەنجەرەی خۆمدا دابنیشم. نیما چاوی منی کردەوە و وتی: ببینە. ئیتر من خۆم فێری بینین بووم."[٣١]

کتێبی (یاخی بوون) کە ساڵی ١٣٣٨ بڵاوبۆوە دوا ئەزموونی شاعیرێك نیشان دەدات کە لە کۆششی ئەوەدایە شێوازی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە. " لەراستیدا (دیوار) و (یاخی بوون) چنگە ڕنێیەکی نائومێدانەن لە نێوان دوو قۆناغی ژیاندا. دووا هەناسەکانی پێش جۆرێك قوتار بوونن. پیاو دەگاتە قۆناغی تێڕامان. لە لاویدا رەگوریشەی ئیحساسات لاوازن بەڵام سەرنج راکێشترن. پاشتر ئەگەر ئەمانە لەلایەن بیرەوە رێبەرایەتی بکرێن یان ئەنجامی بیرکردنەوە نەبن، وشك دەبن و تەواو دەبن. من روانیمە دنیای دەورم، شتەکان و مرۆڤەکانی دەورم و هێڵە سەرەکییەکانی جیهانی دەوروبەرم. کەشفم کرد و کاتێ ویستم دەریبڕم بینیم پێویستم بە وشەیە. وشەی تازە کە هی ئەم دنیایەن. ئەگەر بترسامایە دەمردم بەڵام نەترسام. وشەکانم هێنا. با ئەم وشانە هێشتا شاعیرانەش نەبن خۆ گیانیان تێدایە، دەیان کەین بە شاعیرانە."[٣٢]

فروغ هەوڵی دابوو کوڕی سەردەمی خۆی بێ و لە ئاوازی زەمانی خۆی تێ بگا، نە نوقمی ئەدەبی کلاسیکی بێ و نە تواوەی ئەدەبیاتی ئەوروپایی. " یەکێ لە خۆشبەختییەکانی من ئەوەیە کە نەزۆر خۆمم لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی خۆماندا نوقم کردووە و نە زۆر کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی ئەدەبی فەرەنگییەوە. من لە ناخی خۆم و لە دنیای دەوری خۆمدا بەدووی شتێکدا دەگەڕێم.. لەسەردەمێکی دیاریکراودا کە لەرووی ژیانی کۆمەڵایەتی و فیکری و جۆری گوزەرانەوە تایبەتمەندێتیی خۆیی هەیە، نهێنیی کار لەوەدایە دەرك بەم تایبەتمەندێتییانە بکەین و هەوڵ بدەین ئەم تایبەتمەندێتی یانە ئاوێتەی شیعر بکەین. "[٣٣]

---

[٣١] گفتوگۆ لەگەڵ فروغ، ل ٢٥

[٣٢] گفتوگۆ لەگەڵ فروغ، ل ٢٨

[٣٣] گفتوگۆ لەگەڵ فروغ، ل ٣٢

شان بە شانی هونەر و داهێنان، شەیدایی کورەکەی خەیاڵی بەرنەدەدا. فروغ هونەری بەکورەکەیەوە دەویست و کورەکەشی بە هونەرەوە. " لە پێش هەموو شتێکەوە و لە هەموو شتێك زیاتر دڵبەستەی هونەرەکەمم و پاشان هی کورەکەم. ئارەزووم ئەوەیە کە کورەکەم گەورە بوو ببێ بە شاعیر یان نووسەر."[٣٤] بۆ سەرکوت کردنی ئەم خەیاڵانە فروغ هەوڵی ئەدا پەنا بەرێتە بەر شەیدایی تا خۆی لە خەیاڵاتی بەژانی جودایی لە کورەکەی قوتار بکا. "بەتەواوی ژیانی رابوردووم بەلاوە ناوە. کاتێ لەسەر جادە کامی دەبینم کە ئێستا ئەبێ بالای تاسەر شانی من هەڵکشابێ، گیانم دەلەرزێ و دڵم خەریکە بتەقێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نامەوێ، نامەوێ. کەڵکی ئەم پەیوەندی و خۆبەستنەوانە چییە؟ مرۆڤ پێویستە بەدوای جووتی خۆیدا بگەڕێ. هەرکەسە جووتێکی هەیە، ئەبێ جووتی خۆی بدۆزێتەوە. چونکە ژیان تەنیا هەوڵدانە بۆ پڕکردنەوەی نوقسانییەکان."[٣٥]

ساڵی ١٣٣٧ فروغ خووی دایە سینەما و لە کۆمپانیای (گوڵستان فیلم) دەستی بەکار کرد. "بەلای منەوە سینەما رێگەیەکی دەربرینە. ئەوەی کە من ماوەیەکی زۆرە شیعر دەڵێم مانای ئەوە نیە شیعر تەنیا رێگەی دەربرینە. من حەزم لە سینەمایە. ئەگەر بتوانم لەهەر بوارێکی تریشدا کاردەکەم. ئەگەر شیعر نەبێ لە شانۆدا دەوردەبینم. ئەگەر شانۆ نەبوو فلیم بەرهەم دێنم. بەردەوام بوونی ئەمەش لەسەر ئەوە وەستاوە کە قسەکانی من بەردەوام بن، ئەڵبەتە ئەگەر قسەم هەبێ."

یەکەمین کاری فروغ مۆنتاجی فلیمی (ئاگرێك) بوو. مانگی دووی ساڵی ١٣٣٧ بیری نەوتی ژمارە شەشی ئەهواز لەکاتی هەڵکەندنا گەیشت بە چینێك گاز و ئاگری تێ بەربوو. ئەم ئاگرە بەتینە ٧٠ رۆژی خایاند تا خامۆش کرا. شاروخی گوڵستان نزیکەی ١٥٠٠ مەتر فلیمی لەم ئاگرەدا سەرف کرد. فروغ بە مۆنتاج کردنی ئەم ئەڵقە فلیمانە فلیمی (ئاگرێك)ی ئامادە کرد بۆ بەرجەستە کردنی گیانبەخشی

---

[٣٤] نامەی فروغ، گۆڤاری خوشە، نەورۆزی ١٣٤٦

[٣٥] نامەی فروغ، گۆڤاری فیردەوسی، ٢٧ ی موردادی ١٣٤٨

و بەجەرگیی کارمەندانی ماندوویێتی نەناسی کوژاندنەوەی ئاگرەکە. ئەم فلیمە ساڵی ١٣٤١ لە دوازدەهەمین فێستیڤاڵی کورتە فلیمی ڤینیسیا دا مەدالیای زێر و نیشانەی برۆنزی وەرگرت.

ساڵی ١٣٣٨ بەمەبەستی ئاشنا بوون و لێکۆڵینەوە دەربارەی بەرهەم هێنانی فلیم سەفەری بەریتانیای کرد. ساڵی ١٣٣٩ دەزگای میللی کەنەدا داوای لە گوڵستان فیلم کرد فلیمێکی دەربارەی ئاهەنگی مارەبرین بۆ ئامادە بکات. فروغ لەم فلیمەدا دەوری بینی و لە ئامادەکردنیشیدا رۆڵیکی باشی هەبوو. لەو فلیمانەی تری کە فروغ دەوری کاریگەری لەبەرهەم هێنانیاندا گێراوە (ئاو و گەرما) و (شەپۆل و مەرجان و خارا) ن.

فروغ جارێکی تر سەردانی بەریتانای کردو پاش گەرانەوەی فلیمی یەك دەقیقەیی (رۆژنامەی کەیهان)ی بەرهەم هینا، کە گەرچی فلیمێکی ریکلامی بوو بەڵام شایانی سەرنج بوو. بە مەبەستی بەرهەم هێنانی فلیمێك دەربارەی نەخۆشە گەڕەکان، ساڵی ١٣٤١ فروغ سەردانی تەبرێزی کرد. لە گەشتێکی تریدا هاوریٚ لەگەڵ تیمێکی ٣ کەسیدا ، لەماوەی ١٢ رۆژدا فلیمەکەی بەرهەم هێنا بە ناوی (ماڵەکە ڕەشە) ئەم فلیمە لەسەر داوای (ئەنجوومەنی کۆمەك بە گەڕەکان) بەرهەم هێنرا و دەربارەی نەخۆشە گولەکانی (ئاسایشگای گەڕانی باباباغی)ی تەبرێز بوو. لە گفتوگۆیەکدا دەربارەی ئەم فلیمە، فروغ وتوویەتی" یەکەم رۆژ کە نەخۆشە گولەکانم بینی زۆر تێك چووم. ترسناك بوو. لەم گەڕخانەیەدا کۆمەڵێك دەژین کە هەموو تایبەتمەندییەکان و هەست و نەستی مرۆڤیان هەیە بەڵام لە سیمای مرۆڤ بێبەشن. ژنێکم بینی دەموچاوی تەنیا یەك کونی تێدا بوو ، لەو کونەوە قسەی دەکرد. بەراستی ترسناکە. بەڵام من ناچار بووم دڵیان بەدەست بێنم. ئەمانە باش رەفتاریان لەگەڵ نەکرابوو. هەرکەس چووبووە لایان تەنیا عەیبەکانیانی بینی بوو. بەڵام بەوخوایە من لەسەر سفرە لەگەڵیان دادەنیشتم، دەستم دەدا لە زامەکانیان، دەستم ئەهێنا بە قاچیانا کە گەڕی پەنجەکانی خواردبوو. بەم شێوەیە بوو گولەکان باوەریان پێم پەیدا کرد. کە ماڵئاواییم لیٚکردن دووعایان بۆ کردم. ئێستاش کە

یەك ساڵ بەسەر ئەو کاتەدا تێپەریوە هەندێکیان نامەم بۆ دەنێرن. داوام لیٚ ئەکەن عەریزەکانیان بگەیەنمە وەزیری تەندروستی و پیٚی بڵێم برنجەکەیان دەدزن، خواردنیان نیە، حەمامیان نیە. لەویٚ پیاوێکی گولم بینی کە نزیکەی هەموو گیانی ئیفلیج بوو، لێویشی ئیفلیج بوو، بەدەست لێوی بەرز دەکردەوە قسە بکا، چاویشی کوێر بوو. کەچی هەر کە منی دەبینی دەیوت: ئاخر ئەوە چەند جارە عەریزە دەنووسم ژنەکەم بنێرن بۆ لام، من گولم بەڵام ژنەکەم ساغە و ئەیەویٚ لەگەڵ مندا بژی. ژنە گولەکان زۆر سەیرن. یەك زەررە جوانییان تێدا نەماوە کەچی هەموو رۆژیٚ چاویان دەرێژن، پەنجە گولی خواردووەکانیان پڕ لە موستیلەن. تەنانەت ملوانکە و بازنەکانیشیان لە من سەند. ژوورەکانیان پڕە لە ئاوێنە. ئینسانن، چی بکەن ئیتر."[36]

ساڵی ١٣٤٢ فلیمی (ماڵەکە رەشە) لە فیستیڤاڵیکی ئەڵمانیای رۆژاوادا خەڵاتی باشترین فلیمی دۆکیومێنتیی وەرگرت. فروغ دەربارەی ئەم خەڵاتە وتبووی " ئەم خەڵاتە هیچ گرنگ نەبوو بەلامەوە. من ئەو لەزەتەی کە پێویستم بوو لە کارەکەمم دیبوو. حەزئەکەی بووکێکم بدەنیٚ، بووك چیە؟ خەڵاتیش هەر بووکە." دەیەمین فێستیڤاڵی ئۆبەرهاوزن لە چواردەیەمین دەورەی خۆیدا گەورەترین خەڵاتی خۆیی بۆ فلیمە دۆکیومێنتییەکان بە ناوی فروغی فەرروخزادەوە ناو نابوو. ساڵی ١٣٤٣ فروغ لە بەرهەم هێنانی فلیمی (خشت و ئاوێنە) دا هاوکاریی کرد و هەمان ساڵیش سەفەری ئەڵمانیاو فەرەنساو ئیتالیای کرد. فروغ لەهەموو بوراەکانی هونەردا ئامادەیی یەکی زۆر چاکی هەبوو. لەشانۆشدا دەوری بینی بوو.

پاییزی ١٣٤٤ دوو فلیم دەربارەی ژیانی فروغ ئامادە کرا. یونیسکۆ فلیمێکی نیوسەعاتیی ئامادەکرد و بیرناردۆ بیرتلۆجیش فلیمێکی پازدە دەقیقەیی بەرهەم

[36] گفتوگۆی فروغ لەگەڵ گۆڤاری روشنفکر، ساڵی ١١، ئەسفەندی ١٣٤٢

هێنا. ساڵی ١٣٤٥ فروغ سەفەری ئیتالیای کردو لە فیستیڤاڵی فلیمی پیزارۆ دا بەشداری کرد.

لەگەڵ ئەم هەموو چالاکییە بەسوودانەشدا فروغ لای وابوو دەیتوانی زیاتر داهێنانی هەبێ. "واهەست ئەکەم تەمەنم لەدەست داوە و زۆر کەمتر لەوەی ئەبێ بزانم دەزانم. رەنگە لەبەر ئەوەبێ هەرگیز ژیانێکی مەعلوومم نەبووە. ئەو ئەوین و شووکردنە مەسخەرەیەی شازدە ساڵی بناغەی ژیانی داهاتوومی لەرزۆك کرد. من هەرگیز لە ژیانمدا رێنمایەکەم نەبووە. کەس ئامۆژگاری فیکری و رۆحی نەکردووم. هەرچییەکم هەیە هی خۆمە. هەرچییەکم نیە هەموو ئەو شتانەن کە دەمتوانی هەمبێ. بەڵام لارێ کردن و خۆنەناسین و گرێکوێرەی ژیان رێگەیان نەداوە پێبگەم."[37]

لەگەڵ هەموو ئەم مەشغوولییەدا نەیدەتوانی کورەکەی لەبیر بباتەوە و سەرەنجام بۆ پڕکردنەوەی جێگەی خاڵیی کورەکەی منداڵێکی بەکوری خۆی قبووڵ کرد. " کاتێ ساڵی ١٣٤١ بۆ وێنە گرتن و ئامادەکردنی فلیمی (ماڵەکە رەشە) چووبووە تەبرێز حسەینی دۆزیەوە. حسەین کوری ژن وپیاوێکی گەڕ بوو لەگەڵ دایك و باوکی لە گەڕخانەی مەشهەد دەژیا. بە رەزامەندی دایك و باوکی کورەکە، فروغ حسەینی لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ تاران و لەباتی کامی ی کوری داینا و ناوی نا ئەسفەندیار." دەڵێن فروغ لەم بارەیەوە وتوویەتی : فیکر و خەیاڵی کامی ئارامی لێبریبووم، کوشتبوومی، لەناخەوە دەیکرۆشتم. کە حسەین هات حاڵم باشتر بوو. ئەوی راستی بێ جارجار لە دەموچاوی ئەم منداڵەدا کامی دەبینم. کاتێ دەستی دەخەمە ناودەستم و دەست بە قژیدا دەهێنم ناتوانم بڵێم ئەمە حسەینە یا کامی.جیاوازیی نیە، واهەست ئەکەم کورمە."[38]

[37] نامەی فروغ، ئارش، ژمارە ١٣، ئەسفەندی ١٣٤٥

[38] هەفتەنامەی بامشاد، ٣٠ی میهری ١٣٤٧

ساڵی ١٣٤٣ فروغ کتێبی (لەدایکبوونێکی تر)ی بڵاوکردەوە. بەم کتێیە دەری خست زمانی خۆیی دۆزیوەتەوە و شیعر وتنی سەرلەنوێ لەدایك بۆتەوە. بەڵام هەستی کەماڵ پەرستیی کە لەو– و لە هەموو هونەرمەندێکی تر– دا هەبوو نەیدەهێشت بەم کتێبە رازی بێ. "من لەبارەی ئیشەکانی خۆمەوە قازییەکی زاڵمم. کاتێ سەیری کتێبی لەدایکبوونێکی تر دەکەم حەسرت دەخۆم. بەری چوار ساڵ ژیان؟ زۆر کەمە. راستە من ترازووم نەگرتووە بەدەستەوە بۆ کێشانی شیعرەکانم بەڵام چاوەروانی لەوە باشترم لە خۆم دەکرد و دەکەم. شەو کە ئەمەوێ بچمە ناوجێ لە خۆم ئەپرسم: ئەمرۆ چیت کرد؟ ئەمەوێ بلێم عەیبی ئیشی من ئەوەیە ئەکرا زۆر لەوە باشتر بێ و زۆر باشتر گەشە بکا. بەڵام من لە جیاتی ئەوەی یارمەتی بدەم رێم پێگرتووە بە تەمەڵی و پشت گوێ خستن و شان هەڵتەکاندن و نائومێدی فەیلەسووفانە و بێماناو دڵساردی کە ئەنجامی بیرتەنگی و هەبوونی چاوەروانیی کەرانەیە لە ژیان. موشکیلەی کاری من ئەوەیە کە هێشتا ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم ناتوانم بیڵێم. من تەمەڵم ، زۆر تەمەڵم، هەمیشە لەلایەنە ئیجابییەکانی وجوودی خۆم هەڵدێم و خۆم تەسلیمی لایەنە سەلبییەکانی ژیان دەکەم.

من تەمەنم سی ساڵەو بۆ ئافرەت سی ساڵی تەمەنی کامڵی یە، هەرچۆنێك بێ جۆرێك کەماڵ. بەڵام ناوەرۆکی شیعری من سی ساڵە نیە، منداڵترە. ئەمە گەورەترین عەیبی کاری منە. پیاو ئەبێ بە هۆشیاری و هەستەوە بژی، من خەیاڵ بووم، پەروەردەی فیکریم لەسەر بناغەیەکی راست نەبووە. پچرپچر خوێندوومە و پارچە پارچە ژیاوم و ئەنجامەکەشی ئەوەیە درەنگ بێدار بوومەتەوە– ئەگەر ئەم قسانە بە بێداری دابنرێن–. من هەمیشە زیاترین باوەرم بە دواشیعرم هەیە. ماوەی ئەم باوەرەش زۆر کورتە. زۆر نابا لێی بێزار دەبم و هەموویم بەشێوەیەکی ساویلکانە دێتەبەرچاو.

من چەندین مانگە لە لەدایکبوونێکی تر جودا بوومەتەوە. بەڵام لەوباوەرەدام دەکرێ لە دوا بەشی شیعری لەدایکبوونێکی ترەوە دەست

پێبکرێتەوە، جۆرێك دەست پێکردنی فیکری. هەست دەکەم دەتوانم لە (پەرییەکەی غەمگین کە ماڵی لە ئۆقیانوسە ودڵی لە جووزەلەیەکی دارییندا دەچرێ) ـەوە دەست پێبکەمەوە."[٣٩]

فروغ بە کتێبی ناتەواوی (باوەڕبێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما) کە پاش مردنی بڵاو بووەوە ئەو دەست پێکردنەی هێنایە گۆڕێ و بەمەش توانی تەنانەت شاعیرە گەورەکانی سەردەمی خۆشی سەرسام بکا، "بەلای منەوە شیعری فروغی فەرروخزاد شتێکی ترە. هەندی جار شیعری فروغ بەلای منەوە وەك موعجیزەی لێدێ و ئەو بە یەکێك لە کەڵەشاعیرەکانی ئەم سەدەیەی جیهان دەزانم. زۆر لە شاعیرانی بەناوبانگی جیهان کە بە مەزنترین دادەنرێن بەلای منەوە هێشتا زۆریان ماوە بە فروغ بگەنەوە. زۆرجار رێکەوتووە لەهەندێ دێرە شیعری فروغ تەواو حەپەساوم یان تەنانەت زۆرم پێچووە تا بتوانم باوەڕیان پێبکەم."[٤٠]

شیعر بەلای فروغەوە وەك پێویستییەکی ژیانی لێ هاتبوو وەك پێویستی مرۆڤ بە هەناسەدان. " ئەو سەردەمە واتە پێش ١٣٤٢ باوەرم بە شیعر نەبوو. ئەم باوەرنەبووەنەش چەند قۆناغێکی هەبوو. سەردەمێك من بۆ خۆشی و کەشخەیی شیعرم دەوت. کاتی لەسەوزە پاکردن دەبوومەوە پشتی گوێچکەم دەخوراند و دەموت دەبا برۆم شیعرێك بنووسم. ئینجا سەردەمێك هات هەستم دەکرد ئەگەر شیعر بڵێم شتێکم بۆ زیاد دەبێ. ئێستا ماوەیەکە کە شیعر دەڵێم هەست دەکەم شتێکم لێکەم دەبێتەوە. واتە شتێك لەخۆم دەتاشم و دەیدەم بە خوێنەران. هەربۆیە شیعر وەك کارێکی جیددی لێهاتووە بۆم، ئێستا دەمارگیرم بەرامبەری. سەردەمێك کە شیعرم دەوت گاڵتەم پێی دەهات بەڵام ئێستا ئەکەر گاڵتە بەشیعرم بکەن توورە دەبم چونکە خۆشم دەوێ. ماوەیەکی زۆرم پێچووە تابتوانم ئەم شتە کێوییە بۆ خۆم دەستەمۆبکەم و پاشانیش زۆر زەحمەتم کێشا تا بەناخمدا بردمە

[٣٩] گفتوگۆ لەگەڵ فروغ، ل ٣٩ بەدواوە

[٤٠] گفتوگۆی عەلی ئەسغەری زەررابی لەگەڵ ئەحمەدی شاملۆ، گۆڤاری فیردەوسی، فەروەردینی ١٣٤٥

خوارەوە و تێکەڵاوی بووم و بە جۆرێك ئاوێتەی یەك بووین کە جودا کردنەوەمان لەیەکتر ئاسان نەبێ."[٤١]

هەندێك دەڵێن شیعری فروغ دەنگی ئافرەتی دیلکراوە بەدرێژایی مێژوو. بەڵام فروغ خۆی باوەری بەم قسەیە نەبوو. شیعری فروغ چەند دەربری ئازارەکانی ئافرەتی سەردەمی خۆیەتی ئەوەندەش دەتوانێ دەربری ژانەکانی پیاو بێ. " ئەگەر شیعری من تارادەیەك حاڵەتی ژنانەی هەیە، ئەمە زۆر ئاسایی یە چونکە خۆم ئافرەتم. خۆشبەختانە من ئافرەتم بەڵام ئەگەر مەسەلە پێوانەی بەها هونەرییەکان بێ، ئیتر رەگەز دەور نابینێ. لەراستیدا ئەم شتە راست نیە. راستە ئافرەت بەهۆی سروشتی جەستەیی و هەستی و رۆحییەوە، بیر لە هەندێ شت دەکاتەوە کە رەنگە پیاو گرنگی پێ نەدا و دیدێکی ژنانەی هەبێ بەرامبەر هەندێ مەسەلە کە لەگەڵ دیدی پیاودا جیاواز بێ. من لەوباوەرەدام ئەو کەسانەی کاری هونەری هەڵدەبژێرن بۆ دەربرینی وجوودی خۆیان، ئەگەر بێتو رەگەزی خۆیان بکەنە سنوورێك بۆ کارە هونەرییەکانیان، ئەوا لەوباوەرەدام هەمیشە لەوئاستەدا دەمێننەوە و ئەمەش راست نیە. من ئەگەر وا بیر بکەمەوە کە لەبەر ئەوی ئافرەتم ئەبێ هەمیشە دەربارەی ئافرەتایەتی خۆم قسە بکەم، ئەم کارە وەك شاعیر نەك وەك مرۆڤ، دەبێتە هۆی راوەستان و جۆرێك پووکانەوە. چونکە ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە پێویستە مرۆڤ لایەنە ئیجابییەکانی وجودی خۆی بەجۆرێك پەروەردە بکا بگاتە ئاستی بەها مرۆیی یەکان. بنچینەی کار مرۆڤە، ئافرەت و پیاو گرنگ نیە. بەهەر حاڵ من کە شیعر دەڵێم ئەوەندە بیر لەم مەسەلەیە ناکەمەوەو ئەگەریش شتێك هەبێ زۆر بێئاگایانەیە، ناچارییە."[٤٢]

[٤١] گفتوگۆی سەدرەدینی ئیلاهی لەگەڵ فروغ، گۆڤاری سپید و سیاە ، ئەسفەندی ١٣٤٥

[٤٢] گفتوگۆ لەگەڵ فروغ، ل ٢١–٢٢

ئەو ژانەی لە هۆنراوەی فروغ دا شەپۆل دەدا ژانی بەسۆی مرۆڤی سەردەمی خۆیەتی، ئەو مرۆڤەی کە پاش شۆرشی پیشەسازی لە چوارڕیانی زەوالی بەهاکاندا وەستاوە و ئەم سزا دژوارە هێزی لابریوە. فروغ ئەگەر شیعر دەڵێ بەرخۆدانە لەبەرامبەر ئەم زەوالەدا و کۆڵ نەدانە لەبەردەم زەوالی مەزندا – واتە مەرگ: " لە سەردەمێکدا دەژین کە هەموو پێوەر و چەمکەکان خەریکن مانای خۆیان لەدەست دەدەن و خەریکن – نامەوێ بڵێم بێنرخ– لەرزۆك دەبن. دنیای دەرەوە ئەوەندە ئاوەژووە نامەوێ باوەری پێبکەم.

من ناتوانم بڵێم بۆچی شیعر دەڵێم. وابزانم هەموو ئەوانەی کاری هونەری دەکەن ، هۆیەکەی – یا لانی کەم یەکێ لە هۆیەیکانی– جۆرێك پێویستیی بەئاگایانەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و ڕاوەستان لەبەردەم مەرگدا. ئەمانە مرۆڤانێکن ژیانیان زیاتر خۆش دەوێ و تێی دەگەن، هەروەها مردنیش. کاری هونەری جۆرە هەوڵێکە بۆ مانەوە یان هێشتنەوەی (خود) و ڕەتکردنەوەی مردن.

هەندێ جار دەڵێم راستە مردنیش یەکێکە لەیاساکانی سروشت، بەڵام مرۆڤ تەنیا لەبەردەم ئەم یاسایەدا هەست بە بچووکی و کەمیی خۆی دەکات. مەسەلەیەکە هیچ چارەی نیە. تەنانەت ناشکرێ بۆ لەناوبردنی هەوڵیش بدرێ، کەڵکی نیە، ئەبێ هەبێ، زۆر باشیشە. ئەمە لێکدانەوەیەکی گشتییە و رەنگە گێلانەش بێ."[43]

فروغ جارێك هەوڵی خۆکشتنی داوە، " پێنج شەش ساڵ لەمەوبەر(۱۳٤۱–۱۳٤۲) فروغ جارێك هەوڵی خۆکوشتنی دا. بە یەکجار شووشەیەك حەبی گاردینالی خواردبوو. دەمەو خۆراوا کارەکەرەکەی پێی زانیبوو و بردبوویان بۆ نەخۆشخانەی ئەلبورز. کە ئێمە گەیشتینە نەخۆشخانەفروغ بێهۆش بوو. کە رزگاری بوو، هەرچەند لێم پرسی بۆ هەوڵی داوە خۆی بکوژێ هیچ قسەی نەکرد. بەڵام کارەکەرەکەی پێی وتین ئەو ڕۆژە لەگەڵ گوڵستان شەری کردووە و فروغ پاش ئەو

[43] هەمان سەرچاوەی پێشوو

شەرو دەمەقاڵەیە حەبەکانی خواردووە. فروغ لە رووی ڕۆحییەوە سەقامگیر نەبوو، مانگی دوو سی جار تووشی کێشەی دەروونی دەبوو. لەو کاتانەدا خۆی لەهەموو شت و هەموو کەش بە دوور دەگرت. دەرگای لەخۆی دادەخست و دەگریا."[44]

فروغ لە یەکێ لەم گۆشە نشینییانەیدا دەڵێ " مێشکم لێڵ و دڵم گیراوە.ئیتر بێزاربووم لەوەی هەر تەماشاچی بم. هەرکە دەگەمەوە ماڵ و بەتەنیا دەمێنمەوە کتوپڕ واهەست دەکەم تەواوی ئەورۆژەم بەسەرگەردانی و ونی لەناو حەشاماتێکدا بەسەربردووە کە هی من نین و نامێننەوە. لەناو ئەم هەموو مرۆڤە جۆراوجۆرەدا ئەوەندە هەست بەتەنیایی دەکەم جاری واهەیە قوڕگم وەختە لەداخا بتەقێ."[45] دڵتەنگی و تەنیایی فروغ بێپایان بوو ،"دڵم گیراوە..گیراوە..گیراوەو لێرە تەواو تەنیا کەوتووم. ئێوە هەمووتان رۆشتوون. دایکم هەمیشە غەمگینەو باوکیشم مەگەر بەس سەلامی لێبکەم. ئێستاش کە ئێستایە هەندێ جار دادەنیشم و دەگریم."[46]

هەندێ کەس ئەیانویست عیشقی فروغ وەك رابواردنی باوی ژیانی خۆیان سەیر بکەن بەڵام "بەبۆچوونی من هەموو ئەو شتانەی دەربارەی پەیوەندی عاشقانەی فەرروخزاد وتراوە هەموو قسەلۆکن. فەرروخزاد ئەوەندە مرۆڤێکی تەنیاو ماندوو بوو ناچار بەدوای پەناگەیەکی رۆحیدا دەگەرا. سروشتییە چونکە هەر مرۆڤێك مەبەستێکی هەیە و بۆ مەبەستێك دەگەرێ. بەڵام هەستی مەرگ و تەنیایی و بێتوانایی جەوهەری فیکریی فەرروخزاد پێك دەهێنن. هەربۆیەشە شیعرەکانی مانایەکی سەیریان لەگەڵ مردنیدا پەیدا کردووە. ئەو بەراستی نەیدەزانی لەدووی چییە. بەدوای زۆردا نەدەگەرا و رەنگە لەسەردەمی ئاشنایەتیی لەگەڵ گوڵستاندا (ئیبراهیمی گوڵستان) بەهۆی کەللەرەقی یان نائومێدییەوە، سەرنجی یەك دوو کەسی تریشی دابێ، بەڵام دڵنیام ئەم بایەخ دانە هەرگیز لەرادەی هاورێیەتی پاك و

[44] پورانی فەرروخزاد، هەفتەنامەی بامشاد، ئابانی ۱۳٤۷

[45] نامەی فروغ، ئارش، ژ ۳، ئەسفەندی ٤٥

[46] نامەی فروغ، گۆڤاری فیردەوسی، ۲۷ی مورردادی ۱۳٤۷

دڵسۆزانە تێنەپەڕیوە چونکە فەرروخزاد بەهۆی ئەو ئەزموونە تاڵەوە کە لە رابوردوو و خەڵکانی رابوردووی خۆی دیبووی، تەنیا لەدووی ئەوە بوو یەکێك بدۆزێتەوە بیکا بە پاڵپشت وپەناگەی خۆی و بەس."[47]

گەرچی فروغ لە لوتکەی کەماڵ دا بوو بەڵام وەك زۆربەی هونەرمەندان وەزعی مادیی گوزەرانی لە لانی کەمی پێویست بۆ ژیانێکی ئاسایی کەمتر بوو. "خۆم لە وەزعێکی مادیی خراپدام. زۆرجار لەناوەراستی مانگدا پارەم پێنامێنێ و کەسیشم نیە کۆمەکم بکا. ئێستا ناوەراستی زستانە و هێشتا زۆپام نیە. لەتاو تەنیایی وەك سەگ ئیش دەکەم. ژیان هەروایە... هەمیشە تەنیایت و تەنیایی بن کەنت دەکا و دەتهاڕێ. من قیافەم زۆر تێکشکاوە و پرچم لێی سپی بووە و خەیاڵی داهاتوو دەمترسێنێ."[48]

" کێ ئەزانی فروغ بەراستی چی بوو، کێ بوو؟ بێجگە لە سێ چوار کەس کە بەردەوام لەدەوروبەری بوون. کێ ئاگای لە گریان و حاڵاتی غەمگینانەی ئەو هەبوو؟ کێ دەزانێ جاری واهەبوو فروغ چەندین هەفتە نەخۆش بوو و پارەی دکتۆر و دەرمانی نەبوو؟ یان زستانان لە ناوەراستی مانگا بەهۆی نەبوونی نەوت و بێپارەیی یەوە زۆپای دانەدەگیرساند؟ فروغ ئەو پارەیەی کە دەبوایە نەوتی پێبکرێ ئەیدایە پای خوێندنی من لە ئەڵمانیا، یان لەو منداڵەدا سەرفی دەکرد کە لە گەڕخانە هێنابووی و کردبووی بەمنداڵی خۆی، یا ئەیدا بە کەسێ کە لەخۆی نەدارتر بوو. ئینجا بە سەعات و بەرۆژ لە ناو ژوورە دەرگاداخراوەکانی ماڵەوەیدا دادەنیشت و بیری دەکردەوە، شیعری دەنووسی و ژیانی خۆیی تێدا شی دەکردەوە. لە زۆربەی نامەکانیدا ئەم رستەیە دەبینرێ: ئێوە هەمووتان رۆشتوون و من لێرە تاك و تەنیا کەوتووم و وەختە لە تەنیاییدا بمرم."[49]

---

[47] م. ئازاد، هەفتەنامەی بامشاد، ١٣٤٧/٦/١٩

[48] نامەی فروغ، گۆڤاری فیردەوسی، ٢٧ی موردادی ١٣٤٧

[49] ف.فەرروخزاد، گۆڤاری فیردەوسی، ٢٧ی موردادی ١٣٤٨

هەرچەندە لە کۆتایی ژیانیدا بەهۆی کارە سینەمایی یەکانیەوە تارادەیك گوزەرانی باشتر بووبوو بەڵام –بە پێچەوانەی زۆر لە ژنانی سەردەمی خۆیەوە– هیچ نرخی بۆ پارە دانەدەنا و حەزی لە سادەیی بوو. "سەرو وەزعی رواڵەت بەلایەوە گرنگ نەبوو. سادەی دەپۆشی و موستیلەو بازنی نەدەکرد بەخۆیەوە. ئەم کارانەی بە بچووك دەزانی."[50] " تەنیا شتێك کە بیری لێ نەدەکردەوە پارەبوو. کە مرد تەنیا ٣٧ تومان و٨ ریاڵ و یەك پاکەت جگەرەی لێ بەجێما."[51]

لەگەڵ ئەوەشدا سەلیقەی هونەرمەندانەی خۆی لەگەڵ ئەم سادەیی و خاکێتیەدا تێکەڵ دەکرد ورەنگێکی تایبەتی دابوو بە ژیانی، "زۆر جوان و بەسەلیقەو کەمێ رۆشنبیرانە ماڵەکەی رازاندبۆوە. دیاربوو ماڵەکەی خۆش دەوێ. ژووری میوانی بچووك بوو، بە هەندێ شتی بچووکی جوان رازاندبوویەوە. یەك دوو تابلۆی وێنەشی بە دیواردا هەڵواسی بوو کە بیرم نەماوە دەسکردی کێ بوون."[52]

فروغ خۆشی دەستی وێنە کێشانی هەبوو و "زۆر بە ئاسانی لە وێنەکێشان تێدەگەیشت و هەستی پێدەکرد. زۆرباش رەنگەکانی دەناسی. لە هێڵکاریدا لێهاتوو بوو. یەك دوو مانگ پێش مردنی دووبارە بای دابۆوە بەلای وێنە کێشانداو بۆیەو فڵچەو شتی تری کری بوو. دوو تابلۆی بە بۆیەی زەیتی کێشا کە یەکێکیان پۆرترەیەکی حسەین بوو– کوری ژنێکی گول– کە فروغ کردبوویە کوری خۆی."[53]

لە بواری مۆسیقادا جگە لە مۆسیقای رۆژاوایی فروغ مەیلێکی تایبەتی لە مۆسیقای ئێرانی بوو، " مۆسیقای ئێرانی لەرووی ئەو خەم و خەفەتەی کە تێیدایە، حەزم لێیەتی. من لە ئەسڵا حەزم لە خەفەتە و لەززەت لە ئازار وەردەگرم."[54]

---

[50] قسەی ئەمیرمەسعودی فەرروخزاد بۆ رۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٣/١١/٢٤

[51] ف. فەرروخزاد، گفتوگۆ لەگەڵ رۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٣/١١/٢٤

[52] م. ئازاد، هەفتەنامەی بامشاد، ١٩ی شەهریوەری ١٣٤٧

[53] گۆڤاری زن روز، ١٣٤٥/١٢/١٦

[54] نامەی فروغ، گۆڤاری خوشە، نەورۆزی ١٣٤٦

فروغ لەتەمەنی ٣٢ ساڵیدا وا بیردەکاتەوە " خۆشحالم کە پرچم سپیی بووە و تەوێڵم خەتی تێکەوتووە و لە نێوان برۆکانمدا دوو لۆچی گەورە لە پێستمدا پەیدا بوون. خۆشحاڵم کە چیتر خەیاڵاتی و خەوناوی نیم. ئیتر وا خەریکە ئەبم بە ٣٢ ساڵ، گەرچی کە دەبی بە ٣٢ ساڵ مانای ئەوەیە ٣٢ ساڵت لە بەشە ژیانی خۆت خستۆتە لاوە و تەواو کردووە. بەڵام لەپای ئەوە خۆمم ناسیوە."[٥٥] لە شوێنێکی تردا دەڵێ "من لە دنیادا هیچ ئارەزوویەکی ترم نیە. واهەست دەکەم هەموو ئاواتەکانم هاتوونەتە دی. بەڵام ئەشزانم، یان رەنگە لام وابێ، مرۆڤ ئارەزووی نەبێ ئەمرێ. ئەمەش بەراستی ترسناکە. زۆر ترسناکە. ئەترسم کورەکەم نەبینم. ئەمەش زۆر ترسناکترە."[٥٦] " هەندێ جار وادەزانم هەر لەحزەیەك رەنگە بتوانم ئەم ژیانە بەجێ بهێڵم چونکە دڵم بەهیچ خۆش نیە."[٥٧] زووتریش وتبووی " دەترسم پێش ئەوەی خۆم بۆی دەچم بمرم و کارەکانم بە نیوە ناچڵی بمێننەوە."[٥٨]

سەرەنجام دوارۆژی ژیانی فروغ (دووشەممە ٢٤ی بەهمەنی ١٣٤٥) هاتە پێش. " دوا رۆژ کە پێکەوە نانی نیوەرۆمان خوارد کاتژمێر سێی عەسر بوو. من هەستام برۆم بۆ ئیش، ویستم ئەویش بگەیەنم، وتی: تۆ ئەوەندە هێواش دەئاژۆی پیاو حەوسەڵەی نامێنێ. ئینجا بەو ئۆتۆمبیلە رۆیشت کە لە ستۆدیۆوە ناردبوویان بە شوێنیدا."[٥٩]

فروغ لە ژیانیدا شەیدای خێرایی بوو"بۆ من تەنیا مەسەلەی خێرایی لە ئارادابوو. وەك بڵێی ئەم خێرایی یە وەڵامێکە بۆ سەرکوتی و خامۆشی دەروونم و دام دەسەکنێنێ. کاتێ بە خێرایی دەرۆم ناتوانم بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە. ئەمەشم بەلاوە خۆشە. هەست دەکەم باری بەرپرسیارێتییەکی گەورە لەسەرشانم

[٥٥] نامەی فروغ، ئارش، ئەسفەندی ١٣٤٥
[٥٦] گفتوگۆی فروغ، گۆڤاری روشنفکر، ساڵی ١١،ئەسفەندی ١٣٤٢
[٥٧] نامەی فروغ، گۆڤاری فیردەوسی، ٢٧ی موردادی ١٣٤٨
[٥٨] هەمان سەرچاوە
[٥٩] قسەی محەمەدی فەرروخزاد بۆ کەیهان، ١٣٥٣/١٢/٢٤

لادەچێ. خۆم لەو خێرایی یەدا بەرەڵا دەکەم کە بەگورجی بەرەو پێشم دەبا. ئەم تەیکردنی رێگەیە بۆ من وەك نەفەس تازەکردنەوە وایە."[٦٠]

کاتژمێر سێی پاش نیوەرۆ، دوو شەممە ١٣٤٥/١١/٢٤ (رێکەوتی ١٩٦٧/٢/١٣ ز) ، فروغ بە خێرایی " بەرەو ستۆدیۆ دەچوو. فروغ منداڵ و پەلەوەری زۆر خۆش دەویست. دەیوت ئەمانە پاکترینن. سەرەنجامیش گیانی خۆیی لەپێناوی ئەو خۆشەویستیەی منداڵ دا دانا. ئەو کە هاورێی دێرینی منداڵان بوو کاتێ کە بینی ئۆتۆمبیلی قوتابخانەی شەهریاری ناوچەی قولهەك لەبەردەمیدا قوت بووەوە، بۆ ئەوەی خۆی پێدا نەکێشێ لای دا بەلای راستا و لەجادەی سەرەکی دەرچوو. تەنیا زەردەخەنەی یەك منداڵ کە لە مردن قوتار بووبوو بۆ فروغ بەس بوو. لەپشتی شووشەی ئۆتۆمبیلەکەی خۆیەوە دەیبینی منداڵەکان بەترسەوە دەڕواننە ئۆتۆمبیلەکەی ئەم. ئۆتۆمبیلەکەی لە رێگە دەچوو بەڵام هەر نەیتوانی خۆی لە پێدادانی ئۆتۆمبیلی قوتابخانەکە لابدا. خۆی پێدا کێشا بەڵام زۆر بەهێز نەبوو. بەهۆی ئیستۆپە توندەکەوە سەری فروغ کێشای بە جامی پێشەوەی جێبەکەیدا و لووتی لە ناوەراستا بریندارببوو. دەرگای جێبەکە کرایەوە و فروغ و خزمەتگوزاری ستۆدیۆی گوڵستان، کە لە پشتەوە دانیشتبوو، هەردوکیان پەڕینە دەرەوە. سەری فروغ بەر دەرگاکە کەوت و گوێچکەی چەپی بەسەختی بریندار بوو، ئەوەندی نەمابوو لێببێتەوە. ئینجا فروغ کەوتە سەرجادە و سەری کێشای بە جۆگەی رۆخی جادەکەدا و شکا. گەیاندیانە نەخۆشخانە بەڵام ئەفسووس، کار لە کار ترازابوو."[٦١]

پاش نیوەرۆی چوارشەممە، ٢٦ی بەهمەنی ١٣٤٥، خاکی وەرگر –کە ئیشارەت بوو بە خامۆشی– بەو دەمە ساردە مژەرەیەوە– کە شێوەی گۆری وەرگرتبوو، هەڵی لووشی. " ئەمبولانسێکی سپیی بە گوڵداپۆشراو هێواش هێواش

[٦٠] فروغی فەرروخزاد، بیرەوەرییەکانی سەفەری ئەورووپا، گۆڤاری فیردەوسی، ساڵی نۆیەم
[٦١] مەسعودی بیهنود، گۆڤاری روشنفکر، ئەسفەندی ١٣٥٣

لە جادەی گۆرستانی زەهیروددەولە نزیك دەبێتەوە. ورتە ورتە و گریان. تەرمەكە لە ئەمبولانس دەردەهێنن. فروغ، ناسك وەك شیعرەكانی، لە ژێر شاڵی سەر تابووتەكەدا راكشاوە. ئەحمەدی شاملۆ و سیاوەشی كیسرایی و مەهدی ئیخوان سالیس و هوشەنگی ئیبتیهاج(سایە) و ساعیدی و چەند كەسێكی تر تابووتەكەیان لەسەرشان گرتووە. دیسان باران دەست پێدەكاتەوە و فرمێسكیش. بەڵام هاواری سەڵەوات گوێی لەو دوانە نیە. تەرمەكە لەسەر شانی ئەوچەند نەفەرە تا گۆرستان دەبرێ و لەكەناری گۆڕەكەدا دادەنرێ.

كام لوتكەیە، كام بەرزایی؟
مەگەر هەموو ئەم رێگە پێچاوپێچانە
لەو دەمە ساردە مژەرا
پێك ناگەن و تەواو نابن؟[٦٢]

كاری گۆرهەڵكەن وا تەواو دەبێ. ئەوا خەریكن بە خشت و گەچ گۆڕەكە هەڵدەچنن. فروغ هێشتا لەژێر شاڵی تابووتەكەدا چاوەڕێی گۆڕە. لە ژێر شاڵەكەوە دەتوانی دەستەكانی بناسیتەوە. دەنگی گۆرهەڵكەن بەرزدەبێتەوە. ئینجا دەنگی سەڵەوات و پاشان هەڵگراتی تەرم بۆ ناو گۆڕ. چەند ساتێ باران هێور دەبێتەوە، ئەوەندەی شاڵەكە لەسەر جەنازەكە لابەرن. پاشان بەفر، بەفرێكی پاكی سپی لە ئاسمانەوە دادەكا، سپیتر لە كفنەكەی ئەو. ئەو كە بەرگی سپی پۆشیوە بەئارامی دەخرێتە ناو گۆڕ. بەفرێكی سپی زەوی و گۆرەكەی ئەو دادەپۆشێ."[٦٣]

حەقیقەت رەنگە ئەو دوو دەستە لاوە بێ
كە كەوتە ژێر بەفری باریوی پەی دەر پەی
باوەر بێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما

[٦٢] هۆنراوی لەدایكبوونێكی تر
[٦٣] پەرویزی لوشانی، گۆڤاری سپید وسیاە، ئەسفەندی ١٣٤٥

باوەر بێنین بە وێرانیی باخی خەیاڵ
بە داسی ئاوەژووی بێكار
بە تۆوی دیل
شا ! چۆن بەفرێ وا دێتە خوار[٦٤]

****

[٦٤] هۆنراوەی باوەربێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما

دوو شیننامە بۆ فروغ

شیوەن

ئەحمەد شاملۆ

بەدوای تۆدا
لەبەردەرگای کێو دەناڵم
لەسەرئاستانەی دەریاو گیا

بەدوای تۆدا
لەسەر ڕێگەی با دەناڵم
لەسەر چوارڕیانی وەرزەکان
لە چوارچێوەی شکاوی پەنجەرەیەکدا
کە ئاسمانی هەورداگرتوو
لە چوارچێوەی کۆنە دەگرێ

لە چاوەروانیی وێنەی تۆدا
ئەم دەفتەرە خاڵییە
چەندین و
چەندین
لاپەرە هەڵدەداتەوە؟

قبووڵ کردنی رەوتی باو
خۆشەویستی

کە خوشکی مەرگە.
نەمری
رازی خۆیی
بۆ تۆ ئاشکرا کرد

بەوجۆرە بوویتە گەنجێک
بەنرخ و تەماعگیر
گەنجێک لەو چەشنە
کە موڵکداریی خاک و هەواری
لەو کاتەوە
دڵگیر کردووە
ناوت سپێدەیەکە بەسەر تەوێڵی ئاسماندا تێدەپەڕێ
پیرۆز بێ ناوی تۆ
وە ئێمەیش هێشتا
دەبەینە سەر
شەوو رۆژ، و
ئێستا

****

١٣٤٥/١١/٢٩

هاورێ

سوهراب سپیهری

مەزن بوو
خەڵکی ئەمرۆ بوو
هاوپەیوەند بوو لەگەڵ گشت ئاسۆ والآکان
لە ئاوازی ئاوو زەویش چەند بە باشی تێدەگەیشت
دەنگی بە شێوەی خەمی پەرێشانی واقیع بوو
پێڵوەکانیشی رێرەوی ترپەی توخمەکانیان
نیشانی ئێمە دەدا
دەستەکانیشی هەوای پاکی سەخاوەتیان هەڵدایەوە و
میهرەبانییان
بەرەولای ئێمە هەڵفڕاند

بە شێوەی خەڵوەتی خۆی بوو
عاشقانەترین چەمینەوەی سەردەمی خۆیی
بۆ ئاوێنە لێکدەدایەوە
وە وەک باران پڕ لە تازەیی تیکرار بوو
وەک درەختیش
لەناو سەلامەتیی نوورا پەخش دەبوو
هەمیشە بانگی لە منداڵیی با دەکرد
هەمیشە رشتەی قسەکانی
لەگەڵ کێلوونی ئاودا گرێ دەدا

شەوێ
چەند ئاشکرا
سجوودی سەوزی خۆشەویستیی
بۆ ئێمە ئەنجام دا
کە ئێمە دەستمان هێنا بەسەر سۆزی ڕووتی خاکا و
وەک لەهجەی سەتڵێک ئاو تازە بووینەوە
چەند جار دیمان
بەو هەموو سەبەتەیەوە
بۆ چنینی یەک هێشووە ئومێد رۆیی

بەڵام نەکرا
لەبەرامبەر ئاشکرایی کۆترەکانا دابنیشێ
رۆیشت هەتا کەناری هیچ
لەپشت حەوسەڵەی رۆشنایی یەکانەوە راکشا
هیچ بیریشی نەکردەوە
ئێمە لەناو پەرێشانیی
دەربرینی ژانەکانا
بۆ خواردنی یەک سێو
چەند تەنیا کەوتووین

****

هەڵبژاردەی

هۆنراوەکانی فروغ

پاییز

نووقاندوومە دوو چاوی پڕ خەمم
لەسەیری رووی سروشتی ئەفسوونکار
نەوەک لەم جلوەی حەسرەت و خەمە
بڕوانێ نیگای منی دەردەدار

پاییز ئەی رێبواری تا داگرتوو
لە باوەشتدا چیە پەنهانت
بێجگە لە گەڵای مردووی وشک بوو
لەم جیهانەدا چی یە سامانت

غرووبی قورس و تار و خامۆشت
بۆ دڵی شاعیر غەیری غەم چی یە
باوەشت غەیری ساردی و بێزاری
بۆ گیانە دەردەدارەکەم چی یە

لە دامێنی خامۆشیی دڵتەنگتا
خەمێکی بزر ئەدا ئازارم
ئارەزوویەکی ون سەما ئەکا
لەپەردەی خەیاڵی نادیارم

پاییز ئەی سروودی خەیاڵاوی
پاییز تۆ ئەی گۆرانیی مەینەتبار
پاییز ئەی زەردە خەنەی خەماوی
لەسەر رووی تەبیعەتی ئەفسوونکار

******

کۆمەڵە هۆنراوەی ئەسیر

خونچەی خەم

شادم لە گڕی تۆدا ئەسووتێم
شادم کە ئەگریم لە خەیاڵتدا
شادم پاش ژووان دیسان بەم جۆرە
ئەگریم لەعیشقی بێ زەوالـتدا

لات وابوو کاتێ لێت جوێ ببمەوە
چیتر بیری تۆ نایە بەسەرما
بەڵام چی بلێم غەیری ئەم گڕە
ئاگرێک نیە لە گیانی منا

شەوان کە بەلای دارخورماکانا
کاروون لە ژانی خۆیا هاژەی دێ
ئەڵێی هاواری حەسرەتی منە
لەشەپۆلی ماندووی دێتە بەرگوێ

شەو لەکەناریا دانیشە ساتێ
هەتا ببینی ژانی بەرجەستەم
ساتێ بنوارە سێبەری خۆت، شەو
هەتا ببینی گیانی بێ ئۆقرەم

بە لێوی ساردی نەسیمی بەیان
ئەچریکێنم گۆرانی بۆ تۆ
ئەو ئەستێرەیەم ئەدرەوشێمەوە
شەوان لەئاسمانی هەواری تۆ

باکم نیە گەر حەسارێکە بەرز
بەینی من و تۆ، جەستەی بیابان
من ئەو کۆترەم کە بەتەنیایی
دەفڕم بە پانتایی گشت دەریاکان

شادم کەدیسان وەک چڵێکی وشک
لە گڕی کینەی تۆدا دەسووتێم
دەڵێی هێشتا ئەو جەستە تادارەم
لەبەر هەتاوی تۆ هەڵ ئەقرچێم

لە دڵما یادی تۆ چۆن دەژاکێ
یادی تۆ یادی یەکەم ئەوینە
یادی ئەو خەزانە دڵگیرەیە
تێیدا هەزاران جلوەی رەنگینە

دەبا زاهیدانی دامەن سیا
پێم بڵێن رسوای کۆڕو شارانە

با ناوم ببەن بە نەنگ و عاری
خۆی کە خوڵقاوی دەستی شەیتانە

بەڵام ئەو خونچەی خەمەم من کەوا
لە چڵی یادی تۆوە دەروێم
لە تەنیایی دا شەوانە بۆ تۆ
لە یادی ئاشنای تۆدا دەگەڕێم

******

کۆمەڵە هۆنراوەی دیوار

دەعوەت

ئەفسوونی چاوەکانی من شێتی کردوویت و ئەیزانم
ئیتر بۆ بێهودە دەڵی ی دلێکت هەیە وەک ئاسن
مەگەر نازانی نازانی بێجگە لە چاوی پر ئەفسوون
لەئەم جامی لێوانەمدا بادەیەک هەیە پیاو تەزێن

بێهودە بۆ هەوڵ ئەدەی لە باوەشم تەوەللا بی
کە باوەشی سووتێنەر تر هەرگیز نابینی بە چاوان
مەگەر ناترسی ناترسی سەرەنجام ناوت بنووسن
لەسەر بەردی تەڵخی گۆڕێ لە کپ وخامۆشی شەوان

فیدای یەک ساتی شادی کە ئەم خەیاڵ و خەونەی وجوود
وەرە چ سوودی دنیا لەم پارێزکاری و دوور دەستی یە
لێوت وەسەر لێوی من نێ تا لەم پێکی پڕ شەرابە
وەهات مەست کەم لەبۆخۆت تێ بگەی قەدری مەستی چی یە

ئەفسوونی چاوەکانی من شێتی کردووویت و ئەیزانم
کەسەرتاپات لە ئاگری حەزێکی شێتا سووتاوە
گەر وانیە بۆ ئەو دوو چاوە راز درکێنەت بەردەوام
تیشکی نیگای لە چاوی دێوانەی منا قەتیس ماوە
******

کۆمەڵە هۆنراوەی ئەسیر

ژیان

ئەی ژیان لەگەڵ هەموو پووچیتا
من هێشتا دڵ پر خرۆشی تۆ بووم
نەپچڕاندنی پەتە خەیاڵم
نە هەڵاتنە خولیاو ئارەزووم

هەر هەموو گەردی جەستەی خاکیی من
لە تۆ ئەی شیعری گەرم، خرۆشاون
وەکوو ئاسمانی ساماڵی بێ گەرد
پڕ لە شەرابی گەرمی هەتاون

گوڵی نەستەرەن بە هەزاران زەک
گۆرانی وجوودی تۆ ئەخوێنێ
هەر شنە بایەک لە باخ هەڵ بکا
پیرۆزی تۆی پێ رادەگەیەنێ

من بۆ تۆ لەناو خۆتا گەڕاوم
نەوەک لە ناو خەونە خۆشەکانی
زۆر لە هەردوو دەستتا گەڕاوم
هەتاکوو پڕ بووم، پڕ بووم لە جوانی

پڕ بووم لە گۆرانی گەلی سپی
پڕ بووم لە گۆرانی گەلی سیا
لە هەزارەها پریشکی حەزو
لە هەزارەها تروسکەی هیوا

حەیف لەو ڕۆژانەی کە وەکوو دوژمن
من بە ڕقەوە ئەمڕوانی بۆ تۆ
لام بێهودە بوو بریق و باقت
لێت بێ خەبەر مام ، دامی بە فیرۆ

وەک ئاوی ڕەوان ئەدەم بە لاتا
بێ خەبەر لەوەی تۆ باقی و ئەمن
ڕێگەی تاریکی مەرگ دەگرمە بەر
لەناو تەمی زەوالا ئەبم ون

ئاخ ئەی ژیان ئاخ ئەمن ئاوێنەم
لە تۆ چاوم پڕ لە نیگا ئەبێ
ئەگینا ئەگەر مەرگ تێم بروانێ
رووی ئاوێنەکەم رەش هەڵ ئەگەرێ

عاشقم عاشقی ئەستێرەی بەیان
عاشقی هەورە سەرگەردانەکان

عاشقی رۆژانی باراناوی
عاشقی هەرچی ناوی تۆی تیان

بەم وجوودی تینووەم دەیمژم
خوێنی لەکوڵی ساتەکانی تۆ
ئەوەندە لەززەت لە تۆ وەرئەگرم
کەللەیی بکەم تا یەزدانی تۆ

****

کۆمەڵە هۆنراوەی یاخی بوون

شەوێ

شەوێ لەودیوی تاریکی یەوە
وەکوو هەتاوێ بەرەو لای تۆ دێم
لەسەر باڵی با جیهان گەڕەکان
بە شادمانی ئەڵوەدای تۆ دێم

سەراپام پڕی گەرمی و سەرمەستی
وەکوو رۆژی دڵکیری هاوینان
دێم و کۆشمت بۆ سیخناخ ئەکەم
پڕ لە گوڵاڵەی کێویی کوێستان

شەوێ لە تەقەی ئەڵقەی دەرگاکەت
دڵت لە کونجی سینگا دەلەرزێ
کە دەرگا وا بوو جەستەی شەیدای من
بۆ ناو باوەشی گەرمی تۆ دەخزێ

ئیتر لەو ساتە مەستی بەخشانا
غەفڵەت لەچاوی منا نابینی
وەک هی منداڵان نیگای کپی من
لە گیروداوی شەرما نابینی

شەوێ هەر هێندەی ناوی من بێنی
ئەتبەم بۆ جیهانێکی پڕ خولیا
لەسەر شەپۆلی یادت سەمام بێ
وەکوو کیژانی سرکی سەر دەریا

شەوێ لێوانی تینووم پڕ تاسە
لە ئاوری لێوی تۆدا دەسووتێن
ئومێدی نیگای چاوەکانیشم
لە دەوری نیگای تۆ دادەگیرسێن

لە زوهرە، لەو خوا عیشوەگەرەوە
رێوشوێنی ئەوین فێری خۆم ئەکەم
شەوێ وەک نوور لە تاریکی یەوە
لە ژوورەکەتا چەخماخە دەدەم

ئاه ئەی دوو چاوی مات و چاوەڕوان
بەڵێ منم وا بەرەو لای تۆ دێم
لەسەر باڵی با جیهان گەرەکان
بەشادمانی ئەڵوەدای تۆ دێم

****

کۆمەڵە هۆنراوەی ئەسیر

ئارەزوو

کاشکی لە کەنار چۆمێکی کپا
عەتری مەرمووزی گیایەك ئەبووم
تا ئەگەر لەوێ تێپەڕیتایە
لە هەموو گیانت لێوم هەڵبسووم

کاشکی دەمچری وەك شمشاڵی شوان
ئاوازی دڵەکەی عەوداڵی تۆ
لەسەر باڵی پڕ شەپۆلی نەسیم
تێ ئەپەریم لای دەرکەی ماڵی تۆ

کاشکی وەك تیشکی هەتاوی بەهار
بەر بەیان دەم دا لە پەنجەرەی تۆ
لەپشتی پەردەی نەرمی ئاوریشم
ئەمبینی رەنگ و شێوەی دیدەی تۆ

کاشکی لە بەزمی پڕ جۆشی تۆدا
بزەی ناو پێکی مەیێ بوومایە
لەنیوە شەوێکی پڕ لە ژانا
خاوی و سەرخۆشی خەوێ بوومایە

کاشکی ڕوون ئەبوو وەکوو ئاوێنە
دڵم لە نەخش و پێکەنینی تۆ
بەربەیان بخزا بەسەر جەستەما
گەرمایی دەستی نازەنینی تۆ

کاشکی نیوە شەو وەك گەڵای خەزان
مانگ سەمای ئێمەی تەماشا ئەکرد
لە دڵی باخچەی ناو ماڵی تۆدا
خۆشی من سەیرانی بەرپا ئەکرد

کاشکی وەك یادی شیرینی ژنێ
دەخزامە دڵت بە پەشێواوی
لە پرێکا دەمبینی دووچاوت
لە جلوەی جوانیی من بە ڕاماوی

کاشکی لە نوێنی تەنیایی تۆدا
مۆمی گوناهی جەستەم دەگڕان
رەگی زوهدی تۆ و حەسرەتی منیش
لەم گوناهە شیرینا دەسووتان

کاشکی لە چڵی سەوزی ژیانا
گوڵی دڵتەنگیی منت دەچنی

کاشکی لە شیعری منا ، عەمرەکەم
گڕی نهێنی منت دەبینی

******

کۆمەڵە هۆنراوەی دیوار

گوناھ

گوناھم کرد گوناھی پڕ لەلەززەت
لە پەنا جەستەی سەرمەست و لەرزیوا
خودایا نازانم چی بوو کە کردم
لەو خەڵوەتگە تاریک و بێ سریوا

لەو خەڵوەتگە تاریک و بێ دەنگەدا
ڕوانیمە نێو چاوانی کانگای ڕازی
دڵ لەسینەم بێ سەبرانە دەلەرزی
لە تکا کاریی چاوی پڕ نیازی

لەو خەڵوەتگە تاریک و بێ دەنگەدا
لە تەنیشتیا لـێی دانیشتم نیگەران
هەوەسی ڕشت بەسەر لێوانما، لێوی
خەمی دڵی دێوانەمی دەر پەران

بە گوێچکەیا خوێندم چیرۆکی ئەوین
کە تۆم دەوێ ئەی دولبەری شیرینم
ئەتۆم دەوێ ئەی باوەشی ژیان بەخش
تۆ ئەی عاشقی دێوانەی ئەوینم

لەچاوانیا گری هەوەس کڵپەی سەند
شەرابی سوور کەوتە سەما لە پێکان
لە دوو توێی پێخەفی نەرما جەستەی من
لەسەر سینەی وەکوو مەست کەوتە هەژان

گوناهم کرد، گوناهی پر لە لە لەززەت
لە باوەشێکی گەرم و ئاگرینا
گوناهم کرد لە نێو دوو بازووانی
گەرم و کینە لە دڵ و ئاسنینا

******

کۆمەڵە هۆنراوەی دیوار

نائاشنا

وادیسان دڵێ کەوتە بەر پێی من
وا دیسان چاوێ ڕاما بە rووما
عیشقی من دیسان لە کۆڕی جەنگا
دڵێکی تری ساردی وەژێر نا

دیسان لە کانی لێوەکانی من
تینوویەکی تر تێراو بوو تێر ئەو
دیسان لە ناوجێی باوەشی منا
ڕێبوارێ لـێی نوست چاوی چووە خەو

لە دوو چاوانی دەڕوانم بە ناز
خۆشم نازانم وێڵی چیم لە دوو
عاشقێکی شێتم دەوێ کە گورج
واز بێنێ لە لە پایەو ماڵ و ئابروو

لە من شەرابی ماچی ئەوێ ئەو
چ بلێم بە دڵی پڕ لە هێڤیم من
ئەو لە بیری لەززەتاو نازانێ
لە دووی لەززەتی هەمیشەییم من

لەو بانگی ئەوینم ئەوێ ئەمن
تا وجوودی خۆم بکەمە فیدای
ئەو لە من جەستەی ئاگرین هەتا
تیا بسووتێنێ پەشێویی ئێستای

ئەو بە من ئەڵێ ئەی باوەشی گەرم
مەستی نازت کە منی دێوانە
منیش پێی ئەلێم ئەی نائاشنا
دەستم لـێ بەردە بە من بێگانە

****

کۆمەڵە هۆنراوەی ئەسیر

دواتـــــر

مەرگـــــی من رۆژێ ئەگاتە سەرم
بەهارێکی روون بەشەپۆلی نوور
یا زستانێکی دوور و تەمـــــــــاوی
یا پایز خاڵی لە هـــــاوار و شور

مەرگی من رۆژێ ئەگاتە سـەرم
یەکـــــــێ لەم رۆژە شیرن و تالإنە
رۆژێکی پووچ وەک رۆژانی ترم
یەکـــــــێ لەم ئیمرۆ یا دوێنـــێ یانە

چاوەکانم وەک دالإنـــی تاریک
سەرگۆناکانم وەک مەڕمەری سەرد
لەپر خەوێ ئەمرفێنێ و ئەمـن
خاڵی ئەبمەوە لە هـــــاوار و دەرد

دەستەکانم بێبەش لە سیحری شیعر
سست ئەبن بەســـــەر لاپەڕەکانا
دێتەوە یادم خوێنی هــــــــــــۆنراوە
رۆژێ ئەجۆشا هەر لەو دەستانا

پەیتا پەیتا خاك گازم لێ ئەکا
دێنە پێش تەسلیمی خاکم بکەن
ئاخ رەنگە دڵدارانم نیوە شەو
گوڵباران گۆڕی نمناکم بکەن

پەردە لێڵەکـــــانی جیهانی من
لەدوای خۆم یەکسەر بەلادا ئەچن
چاوی نەناسێك ئەڕوانێتە ناو
کاغەزەکان و دەفتەرگەلــــــی من

پـــــــێ ئەنێتە ناو ژووری بچکۆلەم
به یادی منەوە بێگـــانەیەك
لە بەر ئاوێنا بەجێ دەمێنێ
موویەك ، شوێن پەنجە یاخود شانەیەك

رزگارم ئەبێ لە خود و بۆ خۆم
هەرچییەك ماوە پاك وێران ئەبێ
گیانم هەروەکوو چارۆکەی کەشتی
لە ئاسۆدا دوور دوور پەنهان ئەبێ

رۆژان و هەفتە و مانگان بە پەلە
بە بێ راوەستان بە دوای یەکدا دێن
چاوەکانی تۆش بە هیوای نامە

لە رێگاکاندا هەردەم چاوەڕێن

بەڵام خۆ ئیتر جەستەی ساردی من
لە ژێر گـــــوشاری خاکا نامێنێ
دوور لە لێدانی دڵی تۆ دڵم
بێ تۆ لەوێ خاك دای ئەرزێنێ

دواتر باو باران ورد ورد لەرووی کێل
ئەشۆنەوە ناوم بە یەکجاری
گۆڕەکەم بێ نـــــــــاو ئەمێنێتەوە
دوور لە ئەفسانەی نەنگ و ناوداری

****

کۆمەڵە هۆنراوەی یاخی بوون

شیعری سەفەر

به دڵم کەسێ ئەیوت هەموو شەو
چەند پەرێشانی له دیداری ئەو
له گەڵ ئەستێره سپی یەکانا
بەیانی ئەڕوا ، ئەروا به دووعا

من به بۆنی تۆ بێهۆش له دنیا
بێ خەبەر له فێڵ و داوی سبەی
چاوەکانی تۆ وەکوو گەردی زێر
بەسەر موژەی ناسکما ئەرژا
جەستەم له لەمسی دەستانی تۆ داغ
لەبەر هەناسەم پرچت ئەهەژا
ئەپشکوتم له ئەوینا و ئەمگوت
"هەرکەسێ دڵی دایه دڵداری
بیر ناکاتەوه له ئازار دانی
گەر رۆی چاوی من چاوەروانی بێ
گەر رۆی عەشقی من پاسەوانی بێ"

ئاخ ، ئێستا ئەتۆ رۆشتووی و غرووب
باڵی سێبەری داوێته رێگام
خودای تاریکی غەم ورده ورده
پێ ئەنێته ناو پەرستگای نیگام

دەنووسێ لەسەر دیوارەکانی
نیشانەگەلی رەشی قەترانی

****

کۆمەڵه هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

غەزەل

بۆ چیرۆکی دڵم هەر شەو گوێ هەڵ ئەخـــەی
بۆ بەیانیم وەك چیرۆك فەرامۆش ئەکەی
" سایە"

هەروەکوو بەرد گوێ بۆ دەنگی من هەڵ ئەخەی
بەردی، بێ ئەوەی ببیەی فەرامۆش ئەکەی
رێژنەی تازە بەهاریت و لە دەلاقە
بەزەربەی وەسوەسە خەو لـێ ی ناخۆش ئەکەی
دەستی من کە لاسکی سەوزی راموسانە
لەتەك گەڵای مردووا هاو باوەش ئەکەی
لە گیانی مەی گومڕاتری و چاوەکانم
لە ناو کڵپەی ئاگر دەنێی ، مەدهۆش ئەکەی
ئەی مانگی زێرینی زۆنگاوی خوێنی من
مەستیت خۆش بێ کە بەو جۆرە من نۆش ئەکەی
تۆ چۆمی وەنەوشەیی غرووبی کەوا
دەست لە سەر سینگی رۆژ دەنێ و خامۆش ئەکەی
"فروغ"ی تۆ دای لە "سایە" و رەنگی نەهێشت
بۆ بە سێبەر ئەویش وا سیاپۆش ئەکەی

****

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

ئەو رۆژانە

ئەو رۆژانە تێ پەڕین، گشت
رۆژانی خۆش
رۆژانی تەندروست و پڕ
ئاسمانانی پڕ پوولەکە
ئەو لقانەی پر لە گێلاس
ئەو خانووانەی لە ناو بەرگی پیچك پاڵیان داوەتە یەك
ئەو سەربانانەی کۆلارە بزیۆەکان
ئەو کۆڵانانەی بە عەتری ئەقاقی وڕ

ئەو رۆژانە گشت تێ پەڕین
ئەو رۆژانەی لە درزی پێڵووەکانمەوە
ئاوەزەکانم وەك بڵقی پر لە هەوا ئەخرۆشان
چاوم بەسەر هەر شتێکا بخزایە
وەك شیری تازە ئەینۆشی
دەتوت لەناو بیلبیلەما
کەروێشکی بێئۆقرەی شادی ئامادەیە و
بەربەیانان لەگەڵ خۆرەتاوی پیرا
بۆ گەرانی پێدەشتانی نەناس دەچێ
شەوانەش لە دارستانی تاریکی یا بزر دەبێ

ئەو رۆژانە گشت تێ پەرین

ئەو رۆژانەی بەفری و خامۆش
کەلە پشت پەنجەرەوە لە ژووری گەرما
هەردەم لەدەرێم دەنواری
بەفری پاکی من لەشێوەی خوری نەرما
ئارام ئارامێ دەباری
بەسەر پەیژەی داری کۆنا
بەسەر پرچی پیرە سنەوبەرەکانا و
من لە بیری سبەیدا بووم
سبەی ..
حەجمی سپی ی خلیسك

بەخشەخشی عەباکەی داپیرە دەستی پێ دەکرد
بەدەرکەوتنی تارمایی تاریکی ئەو لەناو دەرگا
-کەلەپڕا خۆی تەسلیمی هەستی ساردی نوور دەکردو-
وە تارمایی سەرگەردانی هەلفڕینی کۆترەکان
لەشووشە رەنگینەکانی پەنجەرەدا
سبەی..

گەرمای کورسی خەولـێ خەربوو
من بێپەروا بەخێرایی
خەت خەتێنی ناو مەشقە کۆنەکانی خۆم
بەدزی چاوی دایەوە
دەسڕیەوە
کە بەفرەکە خۆشی دەکرد

من دەگەڕام بەناو باخچەکەدا خەمناك
لەپەنا گوڵدانی یاسە وشکەکانا
چۆلەکە مردووەکانم دەنایە خاك

ئەو رۆژانە گشت تێ پەڕین
ئەو رۆژانەی سەرسامی و کەیف
ئەو رۆژانەی بێداری و خەو
ئەو رۆژانە هەر سێبەرێ رازێکی بوو
هەر سندووقێکی داخراو کەنزێکی تیا پەنهانی بوو
هەر کونجێکی سندووقخانە لە بێدەنگی نیوەرۆدا
بۆ خۆی وەکوو جیهانێ بوو
لە تاریکی کێ بێباك بوو،
لەلای من قارەمانێ بوو

ئەو رۆژانە تێ پەرین.. ئەو
رۆژانەی جەژن
چاوەروانی هەتاوو گوڵ
ئەو مووچڕکەیانەی عەتر
لەکۆری خامۆش و سادەی نێرگزگەلی سەحراییا
کە لە ئاخرین بەیانیی زستانییا
دیدەنی یان بۆ شار دەکرد
لەگەڵ گۆرانیی دەستگێڕان لە شەقامە درێژەکانی پەڵەی سەوزا
بازار نوقمی بۆنی وێڵ بوو
بونی توندی قاوە و ماسی

بازار لەژێر پێ یەکانا پان دەبۆوە، درێژ دەبوو، تێکەڵ هەموو ساتەکانی ڕێگا دەبوو
دەسووڕاوە لەناو چاوی بووکەکانا
بازار دایك بوو بەپەلە بەرەو حەجمە ڕەنگاورەنگە جوولاوەکان بەرێوە بوو
دەگەڕاوە
بەزەمیلەی پڕ پاکەتی دیارییەوە
بازار باران بوو دەباری، دەهاتە خوار، دەهاتە خوار

ئەو ڕۆژانە تێ پەڕین گشت
ئەو ڕۆژانەی سەرسامی لە نهێنی یەکانی جەستەدا
ئەو ڕۆژانەی بەترسەوە ئاشنا بوون لە گەڵ جوانیی دەمارە شین ڕەنگەکانا
دەستێ کە بە گوڵێکەوە
لە پشت دیوارەوە گازی
لە دەستێکی تر دەکرد و
پەڵەی بچووکی مەرەکەب بەم دەستەوە: وڕو لەرزۆك، ترس لـێ نیشتوو
وە ئەوین بوو
کە لەهەواڵ پرسی یەکی شەرماویدا خۆی جاڕ دەدا
نیوەڕوانی گەرم و بۆقن
لەتەپوتۆزی کۆلانا عیشقمان دەچڕی
لەزمانی سادەی گوڵە پەپوولە تێ دەگەیشتین
ئێمە دڵمان دەبردە ناو باخی میهرەبانییە بێ گوناهەکان

بەدرەختانمان قەرز دەدا
بەپەیامی ماچەوە تۆپ لەبەینمانا ئەم دەستەو ئەو دەستی دەکرد
بەلـێ عیشق بوو ئەو هەستە نادیارەی کە بەتاریکی
لە ناکاوا
دەوری دەداین
ڕای دەکێشاین، لەگەرمەی ترپەو هەناسەو زەردەخەنەی شاراوەدا

ئەو ڕۆژانە گشت تێ پەرین
ئەو ڕۆژانەی وەکوو چۆن گیا لەبەر هەتاوا سیس دەبێ
لەبەر گەرمای هەتاو ڕزین
ئەو کۆلانانەی بە عەتری ئەقاقی وڕ
ون بوون لە ناو
قەرەباڵغیی پڕ لەهەرای شەقامی بێ گەڕانەوا
ئەو کیژەش کە گۆناکانی
بەپەڕەی گوڵی شەمدانی ڕەنگین دەکرد
ئێستا ژنێکی تەنیایە
ئێستا ژنێکی تەنیایە
****

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

لەدایک بوونێکی تر

گشت بوونی من نیشانەیەکی تاریکە
کە لە خۆیا پەیتا پەیتا ئەتۆ بەرەو
بەرەبەیانی شکۆفەو ڕووانی ئەبەدی دەبا
لەو نیشانەیەدا من تۆم ئاخ هەڵکێشا
لەو نیشانەیەدا ئەمن
تۆم بە ئاوو درەخت و ئاگر پەیوەند دا

ژیان ڕەنگە
شەقامێکی درێژ بێ کە هەموو رۆژێ
ژنێکی زەمبیل بەدەست پیا تێ دەپەرێ
ژیان رەنگە
گوریسێ بێ کە پیاوێ خۆی بە دارێکا پێ هەڵواسێ
ژیان رەنگە
منالێ بێ لە قوتابخانە وەگەرێ

ژیان رەنگە داگیرسانی سیغارێ بێ
لە ماوەی تەرِی نێوانی دوو جووت بوونا
نیگای گێژی رێبوارێ بێ
کە کڵاوەکەی لائەباو
بەزەردەیەکی بێ مانا بە رێبوارێکی تر ئەڵێ" بەیانی باش"
ژیان رەنگە ئەو ساتە داخراوە بێ

کە نیگای من لە سۆمای چاوانی تۆدا وێران دەبێ
بەو هەستەوە
کە من تێکەڵاوی ئەکەم لە تەکی بینینی مانگ و سەرهەڵدانی
تاریکییا

لە ژوورێکا کە ئەوەندەی تەنیایی یە
دڵی ئەمن
کە ئەوەندەی یەک ئەوینە
بۆ بەهانە سادەکانی بەختیاریی خۆی ئەروانێ
بۆ زەوالی جوانی گوڵەکان لە گوڵدان
بۆ ئەو نەمامەی لە باخچەی ماڵەوەمان تۆ ناشتووتە
بۆ ئاوازی کەنارییەکان
کە بە پڕی پەنجەرەیەک دەچریکێنن

ئاخ.. هەر ئەمەیە بەشی من
بەشی ئەمن هەر ئەمەیە

بەشی ئەمن
ئاسمانێکە کە هەڵواسینی پەردەیەک لێمی ئەگرێ
بەشی ئەمن دابەزینە لە یەک قادرمەی چۆڵ کراو
وە تا گەیشتن بە شتێک لە دارِزاوی و غوربەتا
بەشی ئەمن گەرانێکی خەماوی یە بە باخی یادگارەکاناو
مردن لە تاسەی دەنگێکا کە پێم دەڵێ:
"خۆشم دەوێن

دەستەکانت"

دەستەکانم لە باخچەکەدا دەنێژم
سەوز ئەبم باش ئەزانم، باش ئەزانم، باش ئەزانم
وە لە ناو پەنجە مەرەکەباویەکانما
پلیسرکەکان هێلکە دەکەن

دوو گێلاسی سووری چەسپاو
وەک گوارە
بە گوێکانما هەڵ دەواسم
نینۆکەکانم بە پەڕەی گوڵی کەوکەب دادەپۆشم
کۆڵانێک هەیە کە لەوێ
ئەو کوڕانەی عاشقم بوون
ئێستاش هەر بەو مووی لاوازو قاچی لەڕو ملی باریکەیانەوە
لەخەیاڵی زەردەخەنەی بێ مەبەستی کچۆڵەیەکدان کە شەوێ
با لە تەکی خۆیا بردی
کۆڵانێک هەیە دڵی من
لەو گەڕەکانەی سەردەمی مناڵی خۆمی دزیوە

گەشتی حەجمێک بەسەر هێڵی زەماناو بە..
حەجمێ هێڵی وشکی زەمان ئاوس کردن
حەجمی وێنەیەکی وشیار
کە لە دێنیی ئاوێنەیەک دێتەوانێ

وە بەم جۆرەیە کە کەسێ
دەمرێ و کەسێ
بەقای دەبێ
لە جۆگەیەکی بچووکا کە دەرژێتە ناو چاڵاوێ
هیچ ڕاوچی یەک
مرواری ناخاتە داوێ

پەرییەکی بچکۆلەی خەمگین دەناسم
لە ئۆقیانووس جێگیر بووە
ئارام ئارام
لە شمشالێکی دارینا دڵی دەچرێ
پەرییەکی بچکۆلەی خەمبار
کە بەیەک ماچ شەوان دەمرێ و
بەرەبەیانیش بە یەک ماچ دێتە دنیا

****

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

لەسەر زەوی

هەرگیز ئارەزووم ئەوە نەبووە
ئەستێرەی سەرابی ئاسمان بم
یا وەکوو گیانی هەڵبژاردەکان
هاودەمی کچی فریشتەکان بم
هەرگیز لەزەوی من جودا نەبووم
لەگەڵ ئەستێرە ئاشنا نەبووم

من لەسەر زەوی رێک راوەستاوم
بەجەستەمەوە کە وەک لاسکی گیا
هەڵ دەمژێ ئاوو هەتاو و هەوا
بۆ ئەوەی بژی

پر لە ئارەزوو
پر لە ئێش و ژان
راوەستاوم لەسەر رووی ئەم خاکە
تا ئەستێرەکان ستایشم کەن
تا ئەستێرەکان نەوازشم کەن

لە دەلاقەکەمەوە دەڕوانم
دەنگدانەوەی یەک گۆرانیم و بەس

نەمر نیم ئەمن
لە دووی سەدای یەک ستران ئەگەڕێم
لە ناڵەی لەززەتێکا کە پاکتر
لە بێدەنگیی ساکاری غەمێکە
لەدووی هێلانە ناگەڕێم ئەمن
لە جەستەیەکا کە ئاوتێکە
بەسەر زەنبەقی جەستەی خۆمەوە

لەسەر دیواری ژوورم کە ژینە
کەسانی رێبوار
نووسیویانە بە خەتی رەشی عیشق
چەندین یادگار
دڵی تیر خواردوو
مۆمی سەرەو خوار
چەند خاڵی کپی ڕەنگ پەریو بەسەر
پیتە تێکەڵەکانی شێتی یا
هەر لێوێ بەسەر لێومدا چەسپا
تۆوی یەک ئەستێرەی پرژانە ناو
شەوم کەبەسەر رووباری یادا باڵی دەکێشا
ئیتر بۆ مەیلی ئەستێرە بکەم؟

ئەمەیە گۆرانیم
دڵگیر و دڵخواز
پێش ئێستاش لەمە زیاتر نەبووە

****

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

رۆژ دەبێتەوە

برِوانە چۆن خەم لەناو دیدەما
قەترە بەقەترە چۆن دەبێ بەئاو
چۆن چۆن سێبەری رەشی سەرکەشم
ئەبێ بە ئەسیری دەستی هەتاو
برِوانە کەوا
هەموو وجوودم چۆن دەبێ خراو
پریشکێک بە ناخیا دەمباتە خوار
دەمباتە لووتکە
جا دەمخاتە داو
برِوانە هەموو ئاسمانی من
چۆن پرِ ئەبێ لە ئەستێرەی کشاو

تۆ هاتی لە دوور
لە دووری لە دوور
لە سەرزەمینی بۆنی خۆش و نوور
منت خستە ناو
بەلەمێک لە عاج و هەورو بلوور
ئێستاش ئەی هیوای دڵنەوازی من
بمبە بۆ شاری شیعر و شەوق و شوور

ئەرۆین بۆ رێگای پر لە ئەستێرە

ئەسەکنێین لەولا تری ئەستێرە
بڕوانە
من بە ئەستێرە سووتام
لێوان لێو پڕ لە ئەستێرەی گەرمیم
هەرچی ئەستێرەی گۆماوی شەوە
وەك ماسی سووری سادە دڵ چنیم

ئەم خاکەی ئێمە پێشتر چەند دوور بوو
لەم ژوورە شینانەی ئاسمانەوە
ئێستا دووبارە دێتە گوێم دەنگت
دەنگی باڵی بەفرینی فریشتە
بڕوانە ئەمن
تا کوێ گەیشتووم
هەتا ئاسمان، تا هەمیشەیی
هەتا بێ پایان

ئێستا کە هاتووینە لووتکەی ژیان
بمشۆ بە شەرابی ئەستێرەکان
بمپێچە بە ئاوریشمی ماچی خۆت
بمخوازە شەوانی درێژخایان
جێم مەهێڵە دی
جودام مەکەوە لە ئەستێرەکان

چۆن قەترە قەترە دەتاوێتەوە

بڕوانە لەگەڵمانا مۆمی شەو
سووراحی ڕەشی چاوەکانی من
بەلایەلایەی گەرمی گەرمی تۆ
لێوان لێوە دەبێ لە شەرابی خەو
بڕوانە بەسەر بێشکەی شیعرما
چۆن تۆ هەڵ دێیت و ڕۆژ دەبێتەوە

****

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

باوەر بێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما

ئەمە منم
ژنێ تەنیا
لەسەرەتای وەرزی سەرما
لە ئەوەڵی پەی بردن بە بوونی ئالوودەی زەميناو
نائومێدی سادەو خەمناکی ئاسمانا و
بێ تینی ئەم دەستە چیمەنتۆیی یانا

زەمان رۆیی
زەمان رۆیی و کاتژمێر چوار زەنگی لێ دا
چوار کەرەتان
ئەمرۆ رۆژی یەکی (دەی)ە
رازی وەرزەکان دەزانم
قسەی ساتەکان تێ دەگەم
رزگارکەر وا لەناو گۆڕیدا نووستووە
خاکیش کە وەرمان دەگرێ
ئیشارەتە بە خامۆشی

زەمان رۆیی و کاتژمێر چوار زەنگی لـێ دا

کۆڵان بایە
کۆڵان بایە و

من لە بیری جووت گرتنی گوڵەکانا و
ئەو خونچانەی لاسکیان سیس و کەم خوێنەو
ئەم زەمانە کەنەفت و سیلاوی یەدام
پیاوێ بەلای درەختانی تەڕدا دەروا
پیاوێ کە ڕستەی دەمارە شینەکانی
وەکوو ماری مردوو بە هەردوو لاملیا هەڵگەراون
لە پەناگوێی پەشێویدا ئەو نەغمە خوێناوی یانە دەلێتەوە
-سڵاو
-سڵاو
وە من لە بیر جووت گرتنی گوڵەکانام

لەسەرەتای وەرزی سەرما
لە کۆڕی ماتەمینی ئاوێنەکانا
لە کۆبوونەوەی خەمباری ئەزموونە کەم رەنگەکانا
لەم غروبە بە زانستی بێ دەنگی یە ئاوسەدا
مەگەر دەکرێ
بەو کەسەی بەم جۆرە دەروا
بە تەحەممول،
بە سەنگینی،
وا سەرگەردان،
دەستووری ڕاوەستان بدرێ؟
مەگەر دەکرێ پێی بوترێ تۆ زیندوو نیت، تۆ هیچ کاتێ
زیندوو نەبووی؟

کۆڵان بایە

قەلەرەشانی تەنیایی و تەکینەوە

بە باخی پیری بێتینیدا دەگەڕێن

وە پەیژەش

بەرز ییەکەی چەند بێ مانایە!

ئەوان هەموو ساویلکەیی یەک دڵێکیان

لەگەڵ خۆیان بۆ کۆشکی چیرۆک بردەوە

ئیتر چلۆن

چۆن کەس هەڵ دەستێ بۆ سەماو

پرچی منداڵی لە ئاوی ڕەوانا شۆر دەکاتەوە!

وە ئەو سێوەی کە ڕنیویە و بۆی کردووە

لەژێر پێیا مەگەر چۆن پان دەکاتەوە!

ئەی یار ، ئەی تاقانەترین

چ گەواڵەی رەش چاوەرێی رۆژی میوانیی هەتاون

وەکوو بڵێی لەسەرە رێی بەرجەستە بوونی فڕین بوو

کە لەناکاو ئەو باڵندەیە پەیدا بوو

وەکوو بڵێی لە خەتی سەوزی خەیاڵ بوون

ئەو گەڵا تازانەی لەبەر شەهوەتی نەسیما هەناسە سواربوون

وەکوو بڵێی

ئەو گڕە وەنەوشەیییەی لە مێشکی پاکی پەنجەرەدا دەسووتا

شتێ نەبوو تەسەوورێکی پاکژی چرا نەبێ

کۆڵان بایە

واسەرەتای وێران بوونە

ئەو رۆژەش کە دەستەکانی تۆ وێران بوون هەر بای هەبوو

ئەی ئەستێرە شیرینەکان

هۆ ئەستێرە کارتۆنییە شیرینەکان

کاتێ کەوا درۆ لە ئاسمان هەڵ دەکا

چۆن دەکرێ پەنا بۆ سوورەتەکانی نێرراوانی بەزیو ببەین

ئێمە وەکوو مردووانی هەزاران ساڵ پێک دەگەین و

هەتاو بەسەر بێ هودەیی جەستەمانا بڕیار دەدا

من سەرمامە

من سەرمامە و ئەلـێی هەرگیز گەرم نابمەوە

ئەی یار، ئەی تاقانە ترین!" ئەو شەرابە چەند ساڵە بوو؟"

تەماشاکە وا لێرەدا

زەمان چەندە وەزنی هەیە!

ماسی یەکان چۆن گۆشتی ئێمە دەکرۆژن!

بۆ بەردەوام لە بنی دەریا رام دەگری؟

من سەرمامە و لە گوارەی سەدەف بێزار

من سەرماشمە و دەشزانم

کە لەهەرچی وەهمی سووری گوڵاڵەیەکی کێوییە

بێجگە لە چەند دڵۆپە خوێن

شتێکی تر جێ نامێنێ

واز لە هێڵەکان دەهێنم
واز لە ژماردن دە هێنم
لەناو شێوە ئەندازەیی یە دیارەکاندا
پەنا لە بۆ دەشتی بەرینی شعوور دەبەم
من ڕووتم ، رووتم، من رووتم
وەکوو بێ دەنگی نێوانی گفتوگۆی عەشق من رووتم
زامەکانم هەر هەموویان هی ئەوینن
من ئەم دوورگە سەرگەردانەم
لەناو تۆفی ئۆقیانووس و گرکانی کیۆ دەرکردووە
پارچە پارچە بوون نهێنی ئەو وجوودە یەکپارچە بوو
کە هەتاو لە بێ نرخترین گەردەکانی هاتە دنیا

سڵاو ئەی شەوی بێ گوناە
سڵاو ئەی ئەو شەوەی کەچاوی گورگانی بیابانی
دەکەی بە چاڵی ئیسقانی ئیمان و باوەڕ بەخۆیی
لەگوێ جۆگەکانی تۆدا ، گیانی درەختەکانی بی
بۆنی گیانی میهرەبانی تەور دەکەن
من لە دنیای گوێ نەدانی بیرو قسەو دەنگەوە دێم
ئەو دنیایەی وەکوو لانەی ماران وایە
ئەو دنیایەی پڕ لە دەنگی جووڵەی پێی مەردومانێکە
کە ئەو کاتەی ماچت دەکەن
لەبیریانا پەتی سێدارەت بۆ دەچنن
سڵاو ئەی شەوی بێ گوناە

نێوانی پەنجەرەو بینین
هەمیشە مەودایەک هەیە
بۆ نەم ڕوانی؟
وەک ئەوکاتەی پیاوێ بەلای درەختانی تەڕا دەڕۆی
بۆ نەم روانی؟
وەکوو بڵێی دایکم ئەو شەوە گریابێ
ئەو شەوەی من گەشتمە ژان و تۆو دروست بوو
ئەو شەوەی من بوومە بووکی هێشووەکانی ئەقاقی
ئەو شەوی ئەسفەهان پڕ لە دەنگدانەوەی کاشیی شین بوو
ئەو کەسەی کە نیوەی من بوو گەرابۆوە ناو تۆوی من
وە من لە ئاوێنا دەمدی
وەک ئاوێنە پاک وبێ گەرد
لەپڕێکا بانگی کردم
منیش بوومە بووکی هێشووی ئەقاقی یەکان

وەکوو بڵێی دایکم ئەو شەوە گریابێ
چ بێ هودە رۆشنایی یەک لەم دەلاقە داخراوە سەری هەڵدا
بۆ نەم روانی

گشت ساتەکانی بەختیاری دەیان زانی
دەستەکانت وێران دەبن
من نەم ڕوانی
هەتاکوو پەنجەرەی سەعات

کرایەوە و ئەو کەنارییە خەمبارە چوار جار لێی دا
چوار جار لێی دا
منیش تووشی ئەو ژنە بچکۆلەیە بووم
کە چاوانی لە هێلانەی بەتاڵی سیمورغ دەچوون
وەك لە جووڵەی ڕانەکانیەوە دەردەکەوت
دەتوت کچێنیی خەیاڵی پر شکۆی منی
لەگەڵ خۆیا بۆ ناو جێگەی شەوی دەبرد

بڵێی دیسان پرچەکانم
لەبەر بادا شانە بکەم
بڵێی دووبارە وەنەوشە لە باخچەکانا بنێژم؟
یا شەمدانی لە ئاسمانی
پشتی پەنجەرە دابنێم؟
بڵێی دیسان بەسەر پیاڵەدا سەماکەم؟
بڵێ ی دیسان زەنگی دەرگا بۆ چاوەروانی دەنگ بمبا؟

بە دایکم گوت "ئیتر تەواو"
وتم" دایم پێش ئەوەی بیر بکەیتەوە لێت دەقەومێ
پێویستە بۆ رۆژنامەکان سەرەخۆشی رەوانەکەین"

مرۆڤی بۆش
مرۆڤی بۆشی پر باوەر
بروانە چۆن دانەکانی
کاتی جوین ئاواز دەڵێن

وە چاویشی
چۆن لە کاتی تێ ڕامانا هەڵ دەدڕن!
بۆخۆشی چۆن بەلای درەختانی تەردا تێ ئەپەڕێ
بە تەحەممول،
بەسەنگینی،
وا سەرگەردان

کاتژمێر چوار
لەساتێکا کە ڕستەی شینی دەماری
وەکوو ماری مردوو بەهەردوو لاملیا هەڵ گەڕاون
لەپەناگوێ ی پەشێویدا ئەو نەغمە خوێناویانە دەلێتەوە
-سڵاو
-سڵاو

ئایا تۆ قەت
ئەو چوار گوڵاڵە شینانەت
بۆن کردووە؟

زەمان رۆیی
زەمان رۆیی و شەویش لەسەرلقی ڕووتی گوڵی ئەقاقیا هەڵ
نیشت
شەو لەو دیوی شووشەی پەنجەرەکانەوە هەڵ دەتووزا و
بە زمانی سارد
پاشماوەی رۆژی رابووردووی هەڵ دەلووشی

لە کوێوە دێم؟
لەکوێوە دێم؟
من ئەوەندە تێکەڵاوی بۆنی شەوم
هێشتا خاکی گڵکۆی تەڕە
گڵکۆی ئەو دوو دەستە سەوزە لاوە دەڵێم

تۆ چەند میهرەبان بووی ئەی یار، ئەی تاقانەترین یارم
تۆ چەند میهرەبان بووی کاتێ درۆت دەکرد
چەند میهرەبان بووی کاتی کە پێلووی ئاوێنەت دادەخست
بە لاسکە تەلەکانەوە
چلچراکانت دەچنی
لەشەوێکی زاڵمەوە منت بەرەو لەوەڕگای عیشق دەدایە بەر
هەتاکوو ئەو هەڵمە مەستەی پاش ئاگری تینووێتی
دەکەوتە سەر چیمەنی خەو

ئەو ئەستێرە کارتۆنیانە
بەدەوری بێ کۆتایی دا دەخولانەوە
بۆ چی قسە بەدەنگ کرا؟
بۆچی نیگا لەماڵی چاو میوان کرا؟
بۆ راماوسان
بۆلای شەرمی گێسووی کچێنی برا
بروانە چۆن ئالێرەدا
گیانی ئەوکەسەی کە بە قسە هاتە دوان

وە بە نیگا تەئسیری کرد
بەڕامووسان ئارامی گرت
ئێستاکە بە تیری وەهم
چوار مێخ کرا؟
جێی پێنج لقی پەنجەکانت
کە وەک پێنج وتەی راستی بوون
چۆن لەسەر رووی گۆنای دیارن؟

سکووت چیە؟ چیە؟ چیە؟ ئەی تاقانەترین یارم
سکووت چیە بێجگە لە قسەی نەوتراو
من ناتوانم بدوێم بەڵام زمانی پاساری یەکان
زمانی ژینی جوملەی تێ پەرینی جەژنی سروشتە
زمانی پاساری یەکان یانی بەهار، گەڵا، بەهار
زمانی پاساری یەکان یانی نەسیم، عەتر ، نەسیم
زمانی پاساری یەکان لە کارخانەدا وا دەمرێ

ئەمە کێ یە بەسەر جادەی ئەبەدیەتا
بەرەو ساتی تەوحید ئەڕوا
سەعاتە هەمیشەیی یەکەی
بە مەنتیقی ماتماتیکی لێ دەرکردن وجیاوازی قورمیش دەکا
ئەمە کێیە ئەو کەسەی کە خوێندنی کەڵەشێرەکان
بەسەرەتای رۆژ نازانێ
بەسەرەتای بۆنی بەرچایی دەزانێ
ئەمە کێیە ئەو کەسەی کە تاجی عەشقی لەسەر ناوەو

لەناو جلوبەرگی شاییدا گەنیوە

هەتاو کەوابێ سەرەنجام
لەیەک کاتا
شەوقی نادا لە هەردوو قوتبی بێ هیوا
تۆ لە دەنگی کاشی شین خاڵی بوویتەوە
من هێند پڕم لەسەر رووی دەنگم نوێژ دەکەن

جەنازەی شاد
جەنازەی مات
جەنازەی کپی تێ راماو
جەنازەی شیک، جەنازەی خۆش خۆرو رووخۆش
لەوێستگاکانی کاتی دیاریکراوا
لەزەمینەی بەگومانی نووری کاتی و
شەهوەتی کرینی میوەی گەنیوی بێ هودەییا

ئاه،
چ خەڵکانێک لە چوارڕێکاندا نیگەرانی روودان
لەدەنگی ئەم هۆرنی راوەستانانەش!
لە ساتێکا کە دەبێ، دەبێ ، کە دەبێ
پیاوێ لەژێر چەرخی زەمانا ورد بێ!
ئەو پیاوەی کە بەلای درەختانی تەڕا تێ ئەپەری!

لە کویوە دێم؟

بە دایکم گوت " ئیتر تەواو"
وتم " هەمیشە پێش ئەوەی بیر کەیتەوە، لێت دەقەومێ
پێویستە بۆ رۆژنامەکان سەرەخۆشی رەوانەکەین"

سڵاو ئەی سەیریی تەنیایی
ژوورەکەم بە تۆ دەسپێرم
چونکە هەمیشە هەوری رەش
پەیامبەری ئایەتی تازەی پاکژین
لە شەهیدبوونی هەر مۆمێ
رازێکی رووناک پەنهانە
کە هەڵکشاوترین گڕو دوایەمین گر باش دەیزانێ

باوەڕ بێنین
باوەر بێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما
باوەر بێنین بە وێرانیی باخی خەیاڵ
بە داسی ئاوەژووی بێکار
بە تۆوی دیل
شا! چۆن بەفرێ وا دێتە خوار

حەقیقەت رەنگە ئەو دوو دەستە لاوە بێ
کە کەوتە ژێر بەفری باریوی پەی دەر پەی
ساڵێکی تر، کاتێ بەهار
لەودیوی پەنجەرەکەوە لەگەڵ ئاسمان دا دەخەوێ
لەناو لەشیا

فوارەی لاسکی سەوزی بەگوڕ
سەرهەڵ ئەدەن
ئەویش رەنگە چرۆ بکا، ئەی یار ئەی تاقانەترین

باوەر بێنین بەسەرەتای وەرزی سەرما...
****

کۆمەڵە هۆنراوەی باوەر بێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما

تێپەڕین

تاکەی برۆم
لەشوێنێ بۆ شوێنێکی تر
من ناتوانم، من ناتوانم هەربگەڕێم
هەرتاوە بۆ عیشقێکی تر ، یارێکی تر
بریا دوو باڵندە بووینا
هەموو تەمەن کۆچمان کردبا
لە بەهارێکەوە بۆ بەهارێکی تر

ئاخ لە مێژە
ئەڵێی بەسەرما رووخاوە
داروپەردووی هەورێکی تاریکی سەنگین
کە بە ماچت لەسەر لێوم تێکەڵ دەبم
وا دەزانم
گیان وەکوو عەترێکی کاتی رادەبوورێ

هێند تێکەڵە
ئەوینی خەمناکم بە ترسی لەناوچوون
هەموو ژیانم دەلەرزێ
کە سەرنجی ئەتۆ دەدەم
ئەڵێی لە پەنجەرەکەوە
تاکە درەختی پر گەڵام سەیر دەکەم

لەپەتای زەردی خەزانا

ئەڵێی وێنەیەک سەیرەکەم

لە ناو ئاوی خرۆشاوی جۆگەلەیەکی ڕەوانا

شەو و رۆژ

شەو و رۆژ

شەو و رۆژ

رێم بدە ..

بیرم چێتەوە

تۆ چیت یەک سات نەبێ ، یەک سات کە چاوی من

لە ناو سەحرای هوشیارییا

هەڵی دێنێ

رێم بدە..

بیرم چێتەوە

****

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

ئایەتە زەمینییەکان

ئەو دەمەی کە

هەتاو تینی تێدا نەماو

بەرەکەت لە زەوی بڕا

سەوزایی دەشتان وشک بوون

ماسی دەریاکان وشک بوون

خاک چیتر جەستەی مردووانی وەرنەگرت

شەو لە هەموو پەنجەرە رەنگ زەردەکانا

وەک خەیاڵێکی بەگومان

گرد دەبۆوە و جۆشی دەخوارد

رێگاکان لە تاریکییا

دەست بەرداری سەری ئەو سەری خۆیان بوون

چیتر کەس بیری لە ئەوین نەکردەوە

هیچ کەس بیری لە سەرکەوتن نەکردەوە

وە هیچ کەسیش

بیری لە هیچ نەکردەوە

لە ئەشکەوتی تەنیاییا

بێ هودەیی هاتە دنیا

خوێن بۆنی بەنگ و ئەفیونی لێوە دەهات
ژنی دووگیان
منداڵی بێ سەریان دەبوو
هەرچی بێشکەشە لە شەرمان
پەنایان برد بۆ گۆڕەکان

چ رۆژگارێکی رەش و تاڵ
نان قودرەتی سەرسوڕهێنەری ئیمانی
وەژێر نابوو
پەیامبەران ڕووت و برسی
شوێن وەعدەی خوا بە جێ هێشتوو
بەرخانی وێڵ
چی تر دەنگی هێ هێی شوانیان
لە سەرسامی دەشتەکانا گوێ لـێ نەبوو

دەتوت لە چاوی ئاوێنا
وێنەکان و ڕەنگ و جووڵە
بە ئاوەژوو دەردەکەون
دەوری سەری گاڵتەجارانی بێ مایەو
دەمووچاوی ناشیرینی سۆزانییەکان
وەکوو چەترێکی داگیرساو
خەرمانەیەکی نوورانی و
پیرۆز شەوقی ئەدایەوە

زۆنگاوەکانی ئەلکهوول
بەو هاڵاوە بۆگەن و ژەهراوییەیان
دەستەی کڕی رۆشنبیریان
بۆ ناخی خۆیان لووش ئەدا
مشکی موزیڕ
لە سندووقە کۆنەکانا
لاپەڕە زێرینەکانی کتێبەکانیان دەکرتان

خۆر مردبوو
هەتاو مردبوو، سبەینێش
لە خەیاڵی منداڵانا
مانایەکی نادیارو ونی هەبوو
لە مەشقیانا
غەرابەتی ئەم دەستەواژە کۆنەیان
بەپەڵەی رەشی درشت وێنە دەکێشا

خەڵکی
خەڵکی ناکام
دڵ مردوو، تەریك و سەرسام
لەژێر باری شوومی بەدەنی خۆیانا
لە غوربەتێ بۆ غوربەتێکی تر دەچوون
حەزی ئازاراویی تاوان
هەڵ دەئاوسا لە دەستیانا

جار جار تروسکەیەک، تروسکەیەکی کز
ئەم کۆمەڵە کپە بێ گیانەی لەناکاو
لەناوەوە هەڵ دەتەکان
پەلاماری یەکیان دەدا
پیاوان بە کێرد
گەرووی یەکتریان دەدڕان
لەپێخەفی خوێناوییا
هاوئامێزی
کیژانی نابالق ئەبوون

نوقمی ترسی خۆیان بوون و
هەستی تۆقێنەری گوناه
گیانی گێژو کوێریانی لە کار خستبوو
لە مەراسیمی ئیعداما
کاتێ گوریس
چاوی کرژی مەحکوومێکی
بە گوڕ لە کاسە دەردێنا
ئەوان دەچوون بە تاسەوەو
مێشکی پیر و کەنەفتیشیان
بە خەیاڵێکی خۆشەوە
ژان دەیهاتێ
کەچی هەردەم لە گۆشەی مەیدانەکانا
ئەتبینی ئەم تاوانبارە بچووکانە
ڕاوەستاون

لە پرژانی بەردەوامی فوارەی ئاو
تێ ڕاماون

دەڵێی ئێستاش
لە پشت چاوە پان بۆوەکان، لە ناو قوڵایی سربوونا
شتێکی لێڵ و نیوە گیان
هێشتا ماوە
بە هەوڵی بێ تین دەیەوێ
باوەر بێنێ بە پاکژیی گۆرانیی ئاو
رەنگە بەڵام چ خەیاڵێکی بێ پایان
خۆر مردبوو
کەس نەیدەزانی " باوەڕ" بوو
ناوی ئەو کۆترە خەمبارەی
کە لە دڵان تەرە ببوو

ئاخ ئەی دەنگەکەی زیندانی
بڵێی شکۆی نائومێدیت قەت بتوانێ
لە لایەکی ئەم شەوە قێزەونەوە
بکاتەوە بەرەو ڕووناکی دالآنێ!
ئاخ ئەی دەنگەکەی زیندانی
ئەی دوایین دەنگی دەنگەکان
******

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

با ئەمانبا

ئەفسووس لە شەوی بچووکی منا
با لەگەڵ گەڵای درەختەکانا ژوانی گرتووە
لەشەوی گچکەی منا دڵە راوکێی وێرانی یە

گوێ بگرە گڤەی
بای تاریکایی نایەتە بەرگوێت؟
نامۆیانە من ئەڕوانمە ئەم بەختیارییە
راهاتووم لەگەڵ نائومێدی خۆم

گوێ بگرە گڤەی
بای تاریکایی نایەتە بەرگوێت؟
ئێستا لەشەوا شتێ روو ئەدا
مانگەکەی سەرسەخت و حاڵ پەرێشان
لەسەر ئەم بانە
کەهەر سات تێیدا ترسی ڕووخانە
هەور وەک کۆمەڵی پرسەداران
دەڵـێی چاوەرێی دەمی بارانە

ساتێکە و جا هیچ
شەو لەودیو ئەم پەنجەرە دەلەرزێ
سووڕانی زەوی

وادێتە وەستان
ئەی سەرتاپات سەوز
دەستەکانت وەک یادێکی بەجۆش
بنێرە ناو دەستی عاشقی من
لێوەکانیشت وەک هەستێکی پڕ لە گەرمای وجوود
بە ڕامووسانی لێوی عاشقی ئەمن بسپێرە
با لەگەڵ خۆیا ڕامان ئەپێچێ
با لەگەڵ خۆیا ڕامان ئەپێچێ

****

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

تەنیا دەنگە کە دەمێنێ

بۆ ڕاوەستم؟
باڵندەکان بۆسۆراخی کەنارێکی ئاوی ڕۆشتوون
ئاسۆ شاقووڵ،
ئاسۆ شاقووڵییەو جووڵەش وەک فووارە
تا چاو بڕکا
هەسارەی ڕووناک دەچەرخێن
زەوی لەبەرزی دووبارە دەبێتەوە
چاڵی هەواش
دەبنە تونێلی پەیوەندی
وە ڕۆژیش پانتایی یەکە
لەخەیاڵی تەنگی ڕۆژنامەدا جێگەی نابێتەوە
بۆ ڕاوەستم؟
ڕێگە بەناو مووڕەگەکانی ژیانا تێ دەپەڕێ
دۆخی ژینگەی پاپۆڕی منداڵدانی مانگ
خانە خراپەکان دەکوژێ
وە لەهەوای کیمیایی پاش خۆرکەوتنا
تەنیا دەنگە
کە تێکەڵی گەردەکانی زەمان دەبێ
بۆ راوەستم؟
زۆنگاو مەر دەتوانێ چی بێ؟
دەتوانێ چی بێ بەغەیری جێگەی گەرای مێرووی فەساد

جەنازەی ئاوساو دەزانێ خەیاڵی مەیتخانە چییە
لەناو تاریکییا نامەرد
ناپیاویی خۆی شاردۆتەوە
سیسرکیش ئاه !
کاتێ کە سیسرک دەدوێ
بۆ ڕاوەستم؟
بێهودەیە هاوکاری پیتی قورقوشمی
هاوکاریی پیتی قورقوشمی ئەندێشەی پووچ قوتار ناکا
من لە نەوەی درەختانم
هەڵمژینی هەوای ماوە پەستم دەکا
باڵندەیەک کەمردبوو فێری کردم فڕینم لەیاد بمێنێ

کۆتایی هەموو هێزەکان یەکگرتنە، یەکگرتنە
لەگەڵ بنچینەی ڕۆشنی خۆرەتاوا و
ڕژانە ناو شعووری نوور

سروشتییە
کە ئاشە هەوایی یەکان ژەنگ هەڵ بێنن
بۆ ڕاوەستم؟
من گوڵە گەنمی نەگەیو
لەسەر مەمکم دادەنێم و
شیری دەدەم

دەنگ و دەنگ و بەتەنیا دەنگ

دەنگی ڕۆشنیی تکای ئاو بۆ ڕێ کردن
دەنگی پرژانی ڕووناکی ئەستێرەکان
بەسەر دیواری مییێنەیی زەمینا
دەنگی یەکگرتنی تۆوی ..
مەعناو هەڵکشانی زیهنی هاوبەشی عیشق
دەنگ ، دەنگ، دەنگ، تەنیا دەنگە کە ئەمێنێ

لە وڵاتی کورتیلەکان
پێوانەکانی هەڵسەنگاندن
هەردەم لەسەر خولگەی سفر سەفەر دەکەن
بۆ ڕاوەستم؟
من مل کەچی چوار توخمەکەم
کاری نوسینەوەی پەیڕەونامەی دڵم
کاری حوکمەتی ناوچەیی کوێران نیە

من چیم داوە بە لوورەی وەحشییانەوە
لە ئەندامی جنسیی ئاژەڵدا
من چیم داوە بە جووڵەی بێ مانای کرمێکەوە لە بۆشایی گۆشتا
هاوپشتیی گوڵ منی لەگەڵ ژینا هاوپەیمان کردووە
هاوپشتیی گوڵ خۆ ئەزانی؟

*****

کۆمەڵە هۆنراوەی باوەربێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما

وەهمی سەوز

تەواوی ڕۆژ لە ئاوێنەدا دەگریام
بەهاریش پەنجەرەکەمی
بە وەهمی سەوزی درەختان سپاردبوو
جەستەم لە قۆزاخەی تەنیاییمدا جێگەی نەدەبۆوە
بۆنی تاجە کاغەزییەکەم
هەوای ئەو ناوچە بێ خۆرەی
پیس کردبوو
نەم دەتوانی، نەم دەتوانی
چیتر دەنگی کوڵان ، دەنگی باڵندەکان
دەنگی بزربوونی تۆپەکانی تێنس
هاوارهاواری منداڵانی ڕاکردوو
سەمای میزەڵدانەکانیش،
کە وەک بڵقی کەفی سابوون
لە کۆتایی لاسکێکی دەزووەوە هەڵ دەکشان
باش کە دەتوت
لە ناخی قووڵترین ساتە تەڵخەکانی جووتبوونەوە ناڵەی دەهات
گشت گوشاریان
بۆ حەساری قەڵای کپی ئیعتیمادی من دەهێناو
لە درزە کۆنەکانەوە دڵمیان بەناو بانگ دەکرد

بەدرێژایی ڕۆژ نیگای من

ڕامابوو لە چاوەکانی ژیانی خۆم
لەو دوو چاوە پەرێشان و ترساوانە
کە خۆیان لە نیگای توندی من لائەداو
وەک درۆزن
پەنایان بۆ گۆشەگیریی بێ خەتەری پێڵوو دەبرد

کام لوتکەیە؟ کام بەرزایی ؟
مەگەر هەموو ئەم ڕێگە پێچاو پێچانە
لەو دەمە ساردە مژەرا
پێک ناگەن و تەواو نابن؟
چیتان پێ دام ئەی وشە ساکارەکانی هەڵخەڵەتان؟
ئەی ڕیازەتی ئەندام و خواستەکانم؟
ئەگەر گوڵێکم لە پرچی خۆم بدایە
لەم فرو فێڵە، لەم تاجە کاغەزییە
کەلەسەر سەرم گەنیوە،
سەرنج راکێش تر نەدەبوو؟

نازانم چۆن گیانی بیابان دایگرتم
یا سیحری مانگ لە باوەڕی کۆمەڵ دووری خستمەوە!
دڵم چۆن بە نیوە ناچڵی گەورە بوو
وە هیچ نیوەیەک ئەو نیوەی تەواو نەکرد!
چۆن ڕاوەستام و چۆن بینیم
خاک لەژێر پێما رۆ دەچێو
گەرمایی جەستەی هاوجووتم

پەی بە چاوەروانی پووچی جەستەم نابا!

کام لوتکەیە کام بەرزایی؟
ئەی فانووسە کزۆڵەکان پەنام بدەن
ئەی خانوو ڕووناکە بەگومانەکان
کە پۆشاکی شۆراو لە ئامێزی دووکەڵی بۆندارا
لەسەر بانی بەرهەتاوتان شەکاوەیە!

پەنام بدەن ئەی ژنانی سادەی کامڵ
کە پەنجە ناسکۆڵەکانتان لەو دیوی پێست
ڕەوتی جووڵەی شادی بەخشی کۆرپەلەیەک
دەپشکنێ!
هەواش هەردەم لە درزی یەخەتانەوە
لەگەڵ بۆنی شیری خاوا تێکەڵ دەبێ

کام لوتکەیە کام بەرزایی؟
پەنام بدەن ئەی کوانووە پڕ ئاگرەکان- ئەی کەوشەکانی
بەختیاری
ئەی سروودی قاپی مسیی مۆبەق کاتی سڕینەوە
ئەی لەرزەی دڵگیری مەکینەی دروومان
ئەی جیدالی شەو و رۆژی فەرش و گسک
پەنام بدەن ئەی هەرچی عیشقی بێگەردو بەمشوورە
کە ئارەزووی پڕلە ئازاری مانەوە

جێنوێنی هەڵسوکەوتتان
به ئاوی سیحرو دڵۆپی خوێنی تازه ڕەنگین دەکا

تەواوی رۆژ، تەواوی رۆژ
وێڵ وێڵ وەکوو لاشەی سەرئاو
بەرەو خەتەرترین گابەرد دەچوومه پێش
بەرەو قووڵترین ئەشکەوتی بنی دەریاو
گۆشت خۆرترین ماسییەکان
بڕبڕەی ناسکی پشتم
له هەستی مەرگ ژان دەیهاتێ

نەم ئەتوانی، نەم ئەتوانی
له رازی نەبوونی رێگا پێم دەنگی لێ بەرز دەبۆوه
نائومێدیم له ئۆقرەی گیانم گەورەتر،
ئەو بەهارەش ئەو خەیاڵه کەسك ڕەنگه
که بەبەر پەنجەرەکەدا تێ ئەپەری، ئەیگوت بەدڵ
" بروانه تۆ،
هەرگیز بۆ پێشەوه نەچووی
تۆ هەر رۆچووی."

******

کۆمەڵه هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

هەینی

هەینیی خامۆش
هەینیی تەریك
هەینیی خەماوی وەکوو کۆڵانی دێرین
هەینیی خەیاڵه نەخۆش و بێ تینەکان
هەینیی باوێشکه درێژ و بەژانەکان
هەینیی به بێ چاوەڕاونی
هەینیی خۆبەدەستەوەدان
ماڵی چۆڵ و
ماڵی دڵگیر
ماڵی لەبەردەم هێرشی لاویدا دەرگا داخراو
ماڵی تاریکی و ئەندێشەی هەتاو
ماڵی تەنیایی و گەشبینی و گومان
ماڵی کتێب و ماڵی گەنجینەو پەردەو وێنەکان

ئاه چەند لەسەرخۆو بەویقار ڕۆیی،
ژیانی من وەك چۆمێکی نامۆ
له ناخی ئەم هەینی یه خامۆش و بەجێماوانا
لەناو ئەم ماڵه چۆڵ و خۆشانا

ئاه چەند لەسەر خۆو به ویقار ڕۆیی!
*****

کۆمەڵه هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

لە ئاوابوونێکی ئەبەدیدا

-رۆژە یان شەو؟
- نەخێر هاورێ، ئاوابوونی ئەبەدی یە
لەگەڵ تێپەڕبوونی دوو کۆتر بەبادا
وەکوو دوو تابووتی سپی و
دەنگێک لەدوور، لەو پێ دەشتە نامۆیەوە
ناجێگیر و سەرلێشێواو بە وێنەی ڕێکردنی با

- پێویستە شتی بوترێ
پێویستە شتی بوترێ
بە نیازە دڵم لەگەڵ تاریکییا تێکەڵ بێ
پێویستە شتێ بوترێ

لەبیر چوونەوەیەکی چەندە سەنگینە
سێوێک لەچڵ دادەوەرێ
دەنکە تۆوی زەردی کەتان
لەژێر دەنووکی کەنارییە عاشقەکانی منا دەشکێن
گوڵی باقالا دەماری شینی لە مەستیی نەسیما
دەسپێرێ بە قوتاربوون لە دڵەراوکێی مەنگی گۆڕان
وە لێرەشا، لە منا ، لە سەری منا
ئاه..
لەسەری منا لە غەیری سووڕانی گەردی چڕی سوور شتێک نیە

نیگاشم وەک قسەی درۆ
شەرمەزارەو چاو بەرەو ژێر

-بیر لە مانگێک دەکەمەوە
-لە پیتی ناو هۆنراوەیەک
-لە کانییەک
-بیر لە خەیاڵێکی ناو خاک
-لە بۆنی تیژی پەڵەگەنم
-ئەفسانەی نان
-لە بێگوناهیی یارییەکان
-لەو کۆڵانە تەنگەو درێژ
کە پڕی لە بۆنی عەتری درەختانی ئەقاقی بوو
-لە هۆشیاربوونەوەی تاڵی پاشی یاری و
لەسەرسامیی ئەولای کۆڵان
لەو لاتری بۆنی عەتری ئەقاقییەکان

-ئازایەتی؟
-ئاه..
ئەسپەکان پیرن
-ئەوین؟
-تەنیایە و لە پەنجەرەیەکی نزمەوە
لە بیابانە بێ مەجنوونەکان دەروانێ
لە کۆڵانێک بەیادێکی پەشێوەوە
لەمەڕ لەنجەی پووزێکی ناسکی بەخرخاڵ

-ئارەزووەکان؟
-رێ ون دەکەن
لە هاوئاهەنگیی بێ بەزەییانەی هەزاران دەرگادا
-داخراوا؟
-بەڵێ هەمیشە داخراوی داخراو
-ماندوو دەبی

بیر لەیەک ماڵ دەکەمەوە
شێدار بەهەناسەی گوڵە پیچکەکانی
وەک گلێنەی چاو رۆشن بە چراکانی
لەشەوانیا تەمەڵ و بێ کەسەر، ڕاماو

لە کۆرپەیەک بە زەردەخەنەی بێ سنوور
وەکوو بازنەی پەی دەرپەیی شەپۆلی ئاو
جەستەیەکی پر لە خوێنیش وەکوو هێشوویەکی ئەنگوور

-من بیر لە وێرانە دەکەمەوە و
لە تالآنیی ڕەشەباکان
وە لە رووناکییەکی گومان لـێکراو
کە شەوانە لە پەنجەرەوە دەگەرێ
وە لە گۆرێکی بچکۆلە ، بچووک وەکوو جەستەی ساوا

-کار؟
-بەڵی بەلآم لەسەر ئەو مێزە گەورەیە

دوژمنێکی شاراوە لانەی کردووە
کە لەبۆ تۆ بەکاوەخۆ چاودەگێڕێ
هەروەک چۆن بۆ راستەو دەفتەر
بۆ هەزاران جۆرە شتی تری بێفەر
سەرەنجامیش تۆ لەناو کوپێ چاییا نوقم دەبی
وەکوو بەلەم لە گێژاوا
لە قوولآیی ئاسۆشدا لە دووکەڵی خەستی جگەرەو
چەند هێڵێکی پەی پێ نەبراو بەولاوە
هیچ نابینی

-یەک ئەستێرە؟
-بەڵێ سەدان، سەدان بەلآم
هەموو لەودیوی شەوانی تەنراوەوە
-یەک پەلەوەر؟
-بەڵێ سەدان، سەدان بەلآم
هەموو لە ناو بیرەوەرییە دوورەکانا
بەغرووری باڵەفرەی بێهودەوە
-من لە بیری هاوارێکی ناو کۆلآنام
من لە بیری یەک مشکێکی بێ زیانام
کا جار بەجار بە دیوارا تێ دەپەرێ

پێویستە شتێ بوترێ
پێویستە شتێ بوترێ
دەمەو بەیانی لە ساتێکی لەرزۆکا

کە هەوا وەک هەستی باڵقی
لەپڕ لەگەڵ شتێکی نادیارا تێکەڵاو دەبێ
من حەز ئەکەم
خۆم تەسلیمی هەڵچوونێ کەم
من حەز ئەکەم
لەو گەواڵە هەورە گەورەوە بباریێم
من حەز ئەکەم
کە بڵێم نا، نانا، نانا

-با برۆین
-پێویستە شتی بوترێ
-پێک یا ناوجێ، یاخود تەنیایی، یانە خەو؟
-بابرۆین..

****

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

ژووانی شەو

وە دەموچاوێکی سەیر
لەودیوی پەنجەرەکەوە بەمنی وت
" ئەوە ڕاستە کە دەبینێ
من وەکوو هەستی ون بوویی ترسناکم
بەڵام خوایە
چۆن مومکینە لەمن ترسان؟
من کە هەرگیز
من کە غەیری کۆلارەیەکی سووکی وێڵ
بەسەر بانی تەم داگرتووی ئاسمانەوە
شتێ نەبووم
وە لە نامۆیی شەوانەی گۆرستانا
مشکێ بە ناوی مەرگەوە
عیشق و حەزو قین و ژانی کرتاندووومە"

وە دەموچاوە سەیرەکە
بەو هێڵە سستە باریک و درێژانەوە
کە سات بەسات ، با شێوەکەی ئێستایانی
لەبەین دەبردو دەگۆڕی
پرچی نەرم و درێژیشی
کە جووڵەی پەنهانیی شەو دەیرفاندن و
بەگشت پانتایی شەوا پەخشی دەکردن

هەروەکوو گیای بنی دەریا
لەو دیوی پەنجەرەکەوە پەرێشان بوو
هاواری کرد
" باوەر بکەن
من زیندوو نیم"

من هێشتاکە لەپشت ئەوەوە دەمبینی
کۆڕی تاریکی و بەری زیویی سنەوبەر
ئاه بەڵام ئەو..
بەسەر هەموو ئەمانەدا دەخلیسکاو
دڵی بێ کۆتاییشی دەچووە کەشکەشان
دەتوت کەوا هەستی سەوزی درەختانە
وە چاوەکانیشی هەتا ئەبەدیەت بڕیان دەکرد

تۆ ڕاست ئەکەی
من لەپاش مردنم هەرگیز
زاتم نەبووە کە ئاوێنە تەماشا کەم
هێندەش مردووم
کەوا ئیتر هیچ بابەتێ
مردنی من ناسەلمێنێ

ئاه
گویێت لەدەنگی سیسرکێ بوو
لە پەنای شەوا لەوپەڕی باخەکەوە

بەرەو لای مانگ هەڵ دەفڕی؟
من لام وایە کەوا هەموو ئەستێرەکان
کۆچیان لەبۆ ئاسمانێکی ون کردووە
وە شاریش، شار چەند بێ دەنگ بوو!
من بە درێژایی ڕێگای خۆم
بێجگە لەچەند پەیکەرێکی ڕەنگ پەریوو
چەند کەناسێ
کە بۆنی خۆڵ و تووتنیان لێوە دەهات
وە چەند حەسحەسێکی ماندووی چاو خەواڵوو
هیچی ترم نەهاتە ڕێ

ئەفسووس
من مردووم و شەویش ئەڵێی
هەر ئیدامەی هەمان شەوی بێهودەیە

کوژایەوە و
شالاّوی گریان پانتایی فراوانی دووچاوانی
تەڵخ و لێڵ کرد
" ئایا ئێوە کە سیماتان
لە سێبەری چارشێوی خەمناکی ژینا
شاردۆتەوە؟
جار جار بیر لەم حەقیقەتە هیوا بڕە دەکەنەوە
کە زیندووەکانی ئەمڕۆ
تەنیا تڵپی زیندوون و بەس؟

وەك منداڵێ
لەگەڵ یەکەم پێکەنینیا پیر بووبێت و
دڵیش- ئەم بەردەنووسە رووشاوە
کە دەسکاریی نووسینەکانی کراوە-
چیتر باوەڕ بە ئیعتیباری بەردێتی خۆی ناکا هەر

رەنگە ئیدمان بوون بە وجوود
وە مەسرەفی بەردەوامی ژان برِەکان
ئارەزووە پاك وسادەکانی مرۆڤی
بە گێژەنی زەوال دابێ
رەنگە گیانیان
بۆ خەڵوەتی دورگەیەکی کەس لێ نەبوو
وە دوور نابێ
رِەنگە دەنگی سیسرکەکەم بە خەو دیبێ

کەوابێ ئەم پیادانەی کە وا بە سەبر
پاڵیان داوەبە رِمە دارینەکانی خۆیانەوە
ئەو سوارانەن کە ئەسپی تیژرِەو دەئاژۆن!
ئەم پەرِپووتە ترياکی یە چەماوانەش!
ئەو پیاو چاکە بێ وەیانەن کە خەمی داهاتوو دەخۆن!
ئەگەر وابێ رِاستە، رِاستە کەوا مرۆڤ
چاوەرِوانی سەرهەڵدانی پەیامبەرانی تر نیە
کەنیشکە عاشقەکانیش

چاوی خۆشباوەرِی خۆیان بە دەرزیی نەخش هەڵ درِیوە

ئێستا سەدای قەلە رەشەکان
لەناخی خەونەکانی دەمەو بەیاندا
دەبیسترێ
ئاوێنەکان دێنەوە هۆش
تەنیاکانیش
خۆیان بە یەکەم نیشانەی بێداربوون و
بە هێرشی نادیاری مۆتەکەی شووم
تەسلیم دەکەن

ئەفسووس کە من
بەگشت یادگارەکانمەوە
لە خوێن، کە بەس باس لە بەزمی خۆێناوی بوو
وە لە غروور ، ئەو غروورەی کە هیچ کاتێ
ئا بەوجۆرە سووك نەدەژیا
لە کۆتایی هەلی خۆما رِاوەستاوم
وە گوێ دەگرم، نەهیچ دەنگێ
رِادەمێنم، نە بزووتنی گەڵایێ
ناوی منیش کەهەناسەی ئەو هەموو پاکژییە بوو
"چیتر هەتا تۆزی گۆرِیش
هەڵ ناسێنێ"

لەرز گرتی

وە بەهەردوو دیوی خۆیا ڕۆچووە خوار

وە لە درزەکانیشەوە دەستی تکای

وەکوو ئاهی درێژ بەرەو

لای من کشان

" سەرمایەو با

هێلەکانی من دەبڕێ

ئایا هێشتا لەم هەوارە کەسێ ماوە

لە بینینی دەموچاوی فەنابووی خۆی

ترسی نەبێ؟

کاتی ئەوە نەهاتووە

کە ئەم دەرگا بکرێتەوە ، واز،واز ،واز

کە ئاسمان دابکات و

مرۆڤ بەسەر لاشەی مردووی

خۆیا زار زار نوێژ بخوێنێ؟"

ڕەنگە ناڵەی تەیر بووبێ

یاخود بای بەینی درەختان

یاخود خۆم بووم لەبەرامبەر گرێکوێرەی دڵی خۆما

وەکوو شەپۆلی حەسرەت و شەرم و ئازار

هەڵ دەکشام

لەپەنجەرەشەوە دەمدی

ئەو دوو دەستە ، ئەو دوو سەرزەنشتە تاڵە

کە هەروا بەرەو دەستی من درێژ بووبوون

لە ڕووناکی سپێدەیەکی درۆدا

دەتوانەوە

وە دەنگێکیش کە لەدەم ئاسۆی ساردەوە

هاواری کرد:

" خودا حافیز"

*****

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

پەنجەرە

یەک پەنجەرە لەبۆ دیتن
یەک پەنجەرە لەبۆ بیستن
یەک پەنجەرە کە بەوێنەی ئەڵقەی بیرێک
لە قووڵایی خۆیدا دەگا بە دڵی خاک
وە بەرووی ئەم پانتایی یە میهرەبانە پەی دەرپەیە شین رەنگەدا
دەکرێتەوە
پەنجەرەیەک کە دەستە بچکۆلەکانی تەنیایی لە
لە بەخششی شەوانەی عەتری ئەستێرە بەخشندەکان
لێوان دەکا
وە دەشکرێ هەر لەوێوە
هەتاو بکرێتە میوانی نامۆیی گوڵی شەمدانی
بۆ من یەک پەنجەرە بەسە

من لە شاری بووکەشووشەکانەوە دێم
لە ژێر سێبەری درەختی کاغەزەوە
لە ناو باخی کتێبێکی رەنگاورەنگا
لەوەرزی وشکی ئەزموونە بێ ئەنجامەکانی ئەوین و دۆستی یا
لە کۆڵانە خاکییەکانی پاکییا
لەساڵەکانی کامڵ بوونی پیتە بێ ڕەنگەکانی ئەلفبادا
لەسەر کورسییەکانی قوتابخانەیەکی سیلاوی
لە ساتێکا کە منداڵەکان توانییان

لە سەر تەختە وشەی " بەرد" بنووسن و
ریشۆڵە سەرسامەکانیش کۆنە درەختیان بەجێ هێشت

من لە نێوان رەگوریشەی رووەکی گۆشتخۆرەوە دێم
مێشکم هێشتا
پڕ لە دەنگی ترسی ئەو پەروانانە بوو
کە بە دەرزی
لە دووتوێی دەفتەرێکدا لە خاچ درابوون

کاتێ کە ئیعتیمادی من هەڵواسرابوو بە پەتی ناسکی عەدالەتاو
لەگشت شارا
دڵی چراکانمیان پارچە پارچە دەکرد
کاتێ کە چاوی منداڵانەی عیشقی منیان
بەدەسرِی تاریکی یاسا دەبەست و
لە لاجانگی پەشێوی ئارەزوومەوە
فوارەی خوێن هەڵ دەقولا
کاتێ کە چیتر ژیانم
شتێ نەبوو، شتێ نەبوو غەیری تیکتاکی کاتژمێری دیواری
لە بۆم دەرکەوت کە دەبێ، دەبێ ، کەدەبێ
وەکوو دێوانە عاشق بم

یەک پەنجەرە بۆ من بەسە
یەک پەنجەرە بۆ سەر ساتی هۆشیاری و نیگاو بێ دەنگی
ئێستاکە نەمامی دارگوێز

ئەوەندە هەڵ کشاوە کە گەڵا ناسکەکانی لە دیوار تێ بگەن

لە ئاوێنە پرسیار بکە

ناوی ڕزگارکەرەکەی خۆت

ئایا زەوی کە لەژێر پێتا دەلەرزێ

لە تۆ زیاتر تەنیا نیە؟

پێغەمبەران لەگەڵ خۆیان

پەیامی وێرانییان بۆ ئەم سەدەیەی ئێمە هانی؟

ئەم تەقینە پەی دەر پەیەی

ئەم هەورە ژەهراوییانە

ئایا سەدای ئایەتە پیرۆزەکانن؟

ئەی هاورێ ، ئەی برا ، ئەی هاوخوێن

کاتێ دەگەی بە مانگ

مێژووی کوشتاری گوڵەکان بنووسەوە

خەونەکانیشمان هەمیشە

لەهەڵەمووتی سادەیی خۆیانەوە هەڵ دەدێرێن و دەمرن

من شەوەرێکی چوارپەلك بۆن ئەکەم کە،

لەسەر گۆڕی چەمکە کۆنەکان رواوە

ئەو ئافرەتەی کە لەکفنی چاوەڕوانی و پاکیی خۆیا نرایە چاڵ،

ئاخۆ من بووم؟

بڵێی دیسان بە پەیژەی فزووڵی خۆما بچمە بان

تا سڵاو کەم لە خوای گەورە کە لەسەر بان هەنگاو دەنێ؟

وا هەست ئەکەم کات رۆیوە

وا هەست ئەکەم " سات" بەشی منە لە لاپەرەکانی مێژوو

وا هەست ئەکەم مێز مەودایەکی درۆیە لەنێوانی پرچی من و

دەستەکانی ئەم نامۆیە خەمگرتووا

قسەیەکم لەگەڵ بکە

ئەوکەسەی کە میهرەبانیی جەستەیەکی زیندووت ، مەگەر، پێ

دەبەخشێ

لە ئێدراکی هەستی زیندوو بوون زێدەتر چی لێت دەوێ؟

قسەیەکم لەگەڵ بکە

من لەلای پەنجەرەکەدام

لەگەڵ هەتاو هاوپەیوەندم

*****

کۆمەڵە هۆنراوەی باوەر بێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما

دیاری

باس لە کۆتایی شەو ئەکەم
باس لە کۆتایی تاریکی و
باس لە کۆتایی شەو ئەکەم

ئەی میهرەبان گەر بۆ لای من هاتی چرام لە بۆ بێنەو
دەلاقەیەک
هەتا لێوەی لە بەزمی کۆڵانی بەختەوەر بڕوانم

******

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

دڵم بە باخچە ئەسووتێ

کەس لە بیری گوڵەکانا نیە
کەس لە بیری ماسییەکانا نیە
هیچ کەس نایەوێ
باوەڕکا باخچە خەریکە دەمرێ
کە دڵی باخچە لەبەر هەتاوا هەڵ ئاوساوە
کە مێشکی باخچە وا وردە وردە
لە یادگەلی سەوز پاک ئەبێتەوە
یا هەستی باخچە وەک شتێکی ڕووت
لە تەنیایی باخچەدا گەنیوە
حەوشەکەی ماڵی ئێمە تەنیایە
حەوشەکەی ماڵمان
لە چاوەروانی بارینی هەورێکی نەناسیاوا
باوێشک ئەدا
حەوزەکەی ماڵمان ئاوی تیا نیەو
ئەستێرەگەلی گچکەی بێ ئەزموون
لەقەد بەرزایی دارەکانەوە
دەکەونە خوارێ
لە پەنجەرە رەنگ پەڕیوەکانی ماڵی ماسییان
شەوان دەنگی کۆکە دێتە بەرگوێ
حەوشەکەی ماڵی ئێمە تەنیایە

باوکمان ئەڵێ

"من دەورم تەواو

من دەورم تەواو

من باری خۆمم تەواو بردووە

من کاری خۆمم تەواو کردووە"

لە ژوورەکەیا بەیانی تا شەو

دەخوێنێتەوە

"شانامە" یا "ناسخ التواریخ"

بە دایکم دەڵێ

"نەفرین لە هەموو ماسی و پەلەوەر

کە بمرم ئەمن

گەر باخچە هەبێ یا باخچە نەبێ

فەرقی چی دەبێ

مووچەی خانەنشینی بەسە بۆ من"

ئەوەتی هەیە

دایکم بەرماڵێکی ڕاخراوە

لەبەر دەرگاکەی ترسی دۆزەخا

لە ناو هەموو کێشەیەکا دایکم

لە دووی شوێن پێی گوناهێ دەگەرێ

لای وایە باخچەش

کفری گیایەک ئالوودەی کردووە

دایکم هەمیشە دووعا ئەخوێنێ

دایکم گوناهباری سروشتی یە

فوو ئەکا بەسەر گشت گوڵەکانا

فوو ئەکا بەسەر ماسییەکانا

فوو ئەکا لەخۆی

دایکم چاوەڕێی سەرهەڵدانێکە

وە بەخشینێکە کە دێتەخوارێ

براکەم بە باخ ئەڵێ گۆڕستان

بە سیس بوونی گیا پێکەنینی دێ

ئەیانژمێرێ لاشەی ماسییەکان

کەلەژێر پێستی نەخۆشی ئاوا

شی دەبنەوە بۆ گەردی گەنیو

براکەم ئەوداڵی فەلسەفەیە

لای براکەم چاکبوونەوەی باخچە

تەنیا بە تێکدانی باخچەکەیە

ئەو وەک سەرخۆشە

مشتی ئەماڵێ بە دارو دیوار

ئەیەوێ بڵێ

زۆر نائومێدەو ماندوو و دەردەدار

نائومێدییەکەی

وەکو ناسنامەو دەسرو تەقویم و چەرخ و قەڵەمی

لەگەڵ خۆی دەبا بۆ کووچەو بازار

نائومێدییەکەی هێندە بچووکە

لە قەرەباڵغی مەیخانەکانا

هەر شەو ون دەبێ

خوشکیشم دۆستی گوڵان بوو، کاتێ
دایکم لــێی دەدا
قسەی ساکاری دڵی خۆی دەبرد
بۆ کۆڕی خامۆش و میهرەبانیان
جارجارەش دەستەی ماسییەکانی
داوەتی شیرینی و هەتاو دەکرد
ئەو ئێستا ماڵی لەوپەڕی شارە
لەناو خانووە دەست کردەکەیدا
لە پەنا عیشقی مێردی دەسکردی و
لەژێر لق و پۆی درەختی سێوی دەسکردا لەگەڵ
ماسییە سوورە دەسکردەکانیا
گۆرانی گەلی دەستکرد دەخوێنێ و
منداڵی سروشتی دروست ئەکا
ئەو هەرکاتێ کە
دێ بۆ لای ئێمە
چمکی تەنوورەی لە هەژاریی باخچەدا پیس ئەبێ
بە قوڵەنیا خۆی پاک دەکاتەوە
ئەو هەر کاتێ کە بۆ لای ئێمە دێ
دووگیانە

حەوشەکەی ماڵی ئێمە تەنیایە
حەوشەکەی ماڵی ئێمە تەنیایە
بە درێژایی رۆژ
دەنگی وردبوون و تەقینەوە دێ

دراوسێکانمان لە ناو باخچەدا لە جیاتی گوڵ
گشتیان هاوەن و شەستیر دەنێژن
گشت هاوسێکانمان بەسەر حەوزی کاشیی حەوشەیانا
سەرقاپ دائەنێن
حەوزە کاشی یەکان بێ ویستی خۆیان
بوون بە ئامباری شاراوەی باروود
منداڵەکانی کۆڵانی ئێمە گشت جانتاکانیان
پڕ لە قومبەلەی بچووک کردووە
حەوشەکەی ماڵی ئێمە گێژ بووە

من لە زەمانێک
ئەترسم دڵی خۆی ون کردووە
من لە خەیاڵی بێهودەیی ئەم هەموو دەستانە
لە بەرجەستە بوونی بێگانەیی ئەم هەموو دەموچاوە ئەترسم
وەک ئەو قوتابییەی
شێتانە حەزی لە وانەی ئەندازەیە من تەنیام
لەو باوەرەشدام ئەکرێ باخ ببرێ بۆ نەخۆشخانە
لەو باوەرەدام
لەو باوەرەدام
لەو باوەرەدام
دڵی باخچەکە لە بەر هەتاوا هەڵ ئاوساوە
مێشکی باخچەکەش وا ئارام ئارام
لە یادی کەسک پاک ئەبێتەوە
کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

لـێی ببورن

لـێی ببورن
ئەو کە جارجار
پەیوەست بوونی پڕ ئازاری وجوودی خۆی
بە ئاوی پەنگ خواردووەوە و
بە چاڵە بۆشەکانەوە لەبیر ئەکا
وە گێلانە وا دەزانێ
کە مافی ژیانی هەیە

لـێی ببورن
لە تووڕەبوونی بێ مەبەستی وێنەیەک
کە ئارەزووی دووری جووڵە
لەچاوە کاغەزییەکانیا دەبێ بە ئاو

لـێی ببورن
لەو کە سەراپای تابووتی
پڕ لە رەوتی سووری مانگەو
عەترە بزێوەکانی شەو
خەوی هەزاران ساڵەی ئەندامەکانی
پەشێو دەکەن

لـێی ببورن

لەو کەوا لە ناخیەوە هەڵوەشاوە
بەڵام هێشتا پێستی چاوی لە خەیاڵی رۆشنایی یا دەکزێتەوەو
پرچە بێ هیواکانیشی
نائومێدانە بۆ شالاوی هەناسەی عیشق ئەلەرزن

ئەی خەڵکی سەرزەمینی سادەی بەختیاری
ئەی هاودەمانی پەنجەرەی کراوە بە ڕووی بارانا
لـێی ببورن
لـێی ببورن
چونکە ئەو خەیاڵاوییە
چونکە رەگوریشەی وجوودی پڕ لە بەرهەمی ئێوە
لە ژێر خاکی نامۆی ئەوا تازە بە تازە مل دەنێن
دڵە خۆش باوەڕەکەشی
بە گورزی پرژانی حەسرەت
لە گۆشەی سینەیا هەڵ دەئاوسێنن

****

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

پرسیار

سڵاو ماسییەکان، سڵاو ماسییەکان
سڵاو سوورەکان، سەوزەکان، زێرینەکان
پێم بڵێن ئاخۆ لە ناو ئەو ژوورە کریستاڵەدا
سارد وەک بیلبیلەی چاوی مردووان
وە وەک کۆتایی شەوی شارەکان کپ و داخراو
گوێتان لە دەنگی جووزەلەیەک بووە
کە لە شاری پەرییەکانی ترس و تەنیایی یەوە
بەرەو ئیعتیمادی خشتینی ژووری نووستنەکان
وە لایە لایەی قورمیش کراوی سەعاتەکان و
گەردە ناسکە شووشەیی یەکانی رۆشنایی تەکان دەدا؟

وە لەگەڵ تەکان دانیا
ئەستێرە تاجییەکان لە ئاسمانەوە بەردەبنە سەر زەوی
دڵە بچووکە بزێوەکانیش
لە دەست شاڵاوی گریان دەتەقن

******

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

لە تاریکییا

لە تاریکی یا
بانگم لـێ کردی
بێ دەنگ بوو و شنە،
پەردەی لادەدا
لە ئاسمانی مات
دەگرٍا ئەستێرەو
دەرۆشت ئەستێرەو
دەمرد ئەستێرە
بانگم لـێ کردی
بانگم لـێکردی
هەموو وجوودم
وەک پیاڵەیەک شیر
لە ناو دەستما بوو
نیگای سپیی مانگ
دەیدا لە شووشە

سترانێکی پەست
بەرز دەبۆوە وەکوو دودمان
لە شاری سیسرک
وەک دووکەڵ دەخزا
بەسەر پەنجەرا

پاکی شەو لەوێ
لە سینەی منا
لە نائومێدی
یەکێ دەناڵی
یەکێ هەڵ دەستا
یەکێ تۆی دەویست
دوو دەستی ساردیش
ڕێگەی لــێ دەگرت

پاکی شەو لەوێ
چڵە رەشەکان
خەمیان دەباران
یەکێ پەشێو بوو
گازی تۆی دەکرد
وەک دارو پەردوو
هەواش بە ڕوویا دەڕمایە خوارێ

درەختە گچکەکەم
عاشقی بابوو
بای بێ ناونیشان
کوانێ ماڵی با؟
کوانێ ماڵی با.

***

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

لە ئاوە سەوزەکانی هاوینا

تەنیا تر لە گەڵایەک
بە کۆڵی شادییە کۆچ کردووەکانمەوە
لە ئاوە سەوزەکانی هاوینا
لەسەر خۆ دەڕۆم
تا وڵاتی مەرگ
تا کەناری خەمە پاییزییەکان
لە سێبەرێکا پاڵم دایەوە
لە سێبەری بێ ئەنجامی عیشقا
لە سێبەری کاتیی بەختیارییا
لە سێبەری بێ بە قایی یەکانا

کە نەسیمی گێژ شەوان هەڵ دەکا
بە ناو ئاسمانی کورتی دڵ تەنگا
کە مانگی خوێنین شەوان ڕێ دەکا
بە کۆڵانە شینەکانی دەمارا
شەوان کە تەنیاین
لەگەڵ لەرزینی گیانمانا، تەنیا-
دەجۆشێ بەدەم ترپەی دڵەوە
هەستی هەبوونمان، هەبوونی نەخۆش

" لە چاوەڕوانی دۆڵەکاندا یەک نهێنی هەیە"

که بەسەر لوتکەی کێوەکانەوە
لەسەر گابەردەکان هەڵ کەندراوە
که له ڕەوتی کەوتنه خوارەوەدا
شەوێک خامۆشی کوێستانەکانیان
له خواستێکی ناخۆش ئاخنی بوو

" له پەشێویی دەسته پڕەکانا
ئارامیی دەستانی خاڵی نیه
بێدەنگی وێرانەکان جوانه"
ئافرەتێک له ناو ئاوەکاندا ئەم گۆرانی یەی دەوت
له ئاوە سەوزەکانی هاوینا
وەک بڵێی له وێرانەدا بژی

به هەناسەمان
ئێمه یەکتری ئالوودە دەکەین
ئالوودە به تەقوای بەختەوەری
ئێمه له دەنگی هەوا دەترسین
له شالاوی سێبەری دوودڵی
بۆ باخی ماچمان، ڕەنگمان تێک دەچێ
ئێمه له هەموو میوانییەکانی تەلاری نوورا
له ترسی ڕووخان گیانمان دەلەرزێ

ئێستا تۆ لێرەی
بەربڵاو وەکوو عەتری ئەقاقی

له کوڵانەکانی بەیانییا
قورس لەسەر سینەم
له دەستما داغ
له پرچەکانما مەست ، سووتاو، بێهۆش
ئێستا تۆ لێرەی

شتێکی زۆرو تاریک و گەورە
شتێکی پەشێو وەک دەنگی دەست پێنەگەیوی ڕۆژ
بەسەر بیلبیلەی پەرێشانمدا
دەگەرێ و خۆی بلاودەکاتەوە
ئەڵێی من لەسەرچاوەکەم دەگرن
ئەڵێی من له لاسکەکەم دەچنن
ئەڵێی دام دەخەن وەک دەرگا بەسەر ساتەکانی تری داهاتوودا
ئەڵێی..
چیتر نابینم

لەسەر خاکێکی بێ پیت ڕوواوین
لەسەر خاکێکی بێ پیت دەبارێین
ئێمه " هیچ" مان لەسەر ڕێگەمان دی
بەسواری ئەسپه زەردە باڵدارەکەی خۆی
وەک پاشا ڕێگەی دەبڕی

حەیف ئێمه بەختیار و ئارامین
حەیف ئێمه دڵتەنگ و بێدەنگین

بەختەوەر چونکە خۆشمان دەوێ

دڵتەنگیش چونکە ئەوین نەفرینە

******

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

بووکەشووشەی قورمیشی

لەوەش زیاتر ، ئاه ، بەڵێ
لەوەش زیاتر ئەتوانی بێ دەنگ بی

ئەتوانی چەندین سەعات
بە نیگایەک وەکوو نیگای مردوو نەگۆڕ
لە دووکەڵی جگەرەیەک رابمێنی
لە شێوەی یەک دانە فنجان رابمێنی
لە گوڵی بێ‌گیانی قاڵی
لە هێڵی وەهمیی سەر دیوار
ئەتوانی بە پەنجەی وشک
پەردە لادەیت و ببینی

لە ناو کۆڵان بارانێکی توند ئەبارێ
منداڵێ بە کۆلارە رەنگاورەنگەکانیەوە
لە ژێر تاقێکا وەستاوە
عەرەبانەیەکی رزیو بەپەلەیەو بە جەنجاڵی
گۆرەپانی چۆڵ جێدێڵێ
ئەتوانی لە شوێنێکا بمێنیتەوە
لە کەناری پەردەکەدا، بەڵام کەڕ، بەڵام کوێر
ئەتوانی بەرز هاوار کەی
بە دەنگێکی زۆر ساختەیی و زۆر بێگانە

" خۆشم دەوێی"

بە زیرەکی خۆت ئەتوانی مل کەچ بکەی
هەرچی مەتەڵی گرانە
بە تەنیایی ئەتوانی خشتەیەک حەل کەی
ئەتوانی بەدۆزینەوەی وەڵامێکی پروپووچیش دڵت خۆشکەی
وەڵامێکی پروپووچی پێنج شەش پیتی

بە درێژایی تەمەن ئەتوانی چۆک دادەی
بەسەرێکی کزەوە لە پەنا مەرقەدێکی ساردا

لە گۆرێکی نادیارا ئەتوانی یەزدان ببینی
ئەتوانی بە پارەیەکی ئاسن ئیمان بەدەست بێنی
ئەتوانی لە کونجی مزگەوتا بگەنێی
وەکوو زیارەتنامە خوێنەرێکی پیر

وەکوو سفر لە لێکدان و کۆو دەرکردن
ئەتوانی بەردەوام یەک ئەنجامت هەبێ
ئەتوانی چاوی تۆ لەقۆزاخەی ژینا
وەکوو دوگمەی سواوی کەوشێکی کۆنە سەیر بکەی
ئەتوانی وەک ئاو لەناو چاڵاوی خۆتا وشک ببی
ئەتوانی جوانیی یەک لەحزە بە شەرمەوە
وەک وێنەیەکی رەشی فەوریی ناشیرین
لە بنی سندووقەکەتدا بشاریەوە

ئەتوانی لە چوارچێوەی خاڵیی رۆژێکا
وێنەی مەحکوومێک یابەزیوێک یا لەخاچ دراوێک هەڵبواسی
ئەتوانی بە دەمامک درزی دیوارەکەت داپۆشی
ئەتوانی تێکەڵی دەوری پووچتر ببی

ئەتوانی وەک بووکە شووشەی قورمیشی بی
بە دووچاوی شووشە دنیای خۆت ببینی
ئەتوانی لە ناو بەرگی قەیفەدا
بە جەستەی پڕی پووشەوە
بۆ ساڵەها لە پەنا تۆرو پوولەکەدا بخەوی
ئەتوانی لەگەڵ گوشینی هەرزەکارانەی هەردەستێ
بێ هۆ هاوار کەیت و بلـێی
" ئاه، من چەند بەختەوەرم"

******

کۆمەڵە هۆنراوەی لەدایکبوونێکی تر

باڵندە تەنیا باڵندە بوو

باڵندە وتی" چ بۆنێکە ئاھ..، چ ھەتاوێکە
بە ھار ھاتووە و
منیش دەکەومە دوای ھاوجووتی خۆم"

باڵندە لەسەر ھەیوانەکەوە وەکوو پەیامێ ھەڵفری و رۆیی

باڵندە ورد بوو
باڵندە بیری نەدەکردەوە
باڵندە رۆژنامەی سەیر نەدەکرد
باڵندە قەزری کەسی لانەبوو
باڵندە مرۆڤی نەدەناسی

باڵندە دەفڕی
بە ئاسمانا
بەسەر گڵۆپە ترسناکەکانا
لە بەرزییەکی زۆرا دەفڕی
وەکوو شێت، ساتە شینەکانی تاقی دەکردەوە

باڵندە ، ئاھ، تەنیا باڵندە بوو
****

کۆمەڵە ھۆنراوەی باوەر بێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما

باڵندە دەمرێ

دڵم گیراوە
دڵم گیراوە

ئەچمە ھەیوان و سەرپەنجەکانم
بەسەر رووی پێستی ھەڵکشاوی شەودا دەھێنم
چراکانی پەیوەندی تاریکن
چراکانی پەیوەندی تاریکن

ھیچ کەسێ من بە
خۆر ناناسێنێ
کەس بۆ میوانی چۆلەکەم نابا
فڕین یادت بێ
باڵندە دەمرێ

****

کۆمەڵە ھۆنراوەی باوەر بێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما

وەرگێڕ لەچەند دێڕێکدا:



- د. ناصح فاتح عوسمان (پێشتر: ئارام قەرەداغی)، لەدایکبووی ١٩٦١، قەرەداخی سلێمانی
- دەرچووی کۆلێژی پزیشکی وپسپۆری پەتاناسی
- لەسەرەتای هەشتاکانەوە بە نووسین و وەرگێرانی چیرۆکی بیانی و بابەتی زانستی لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا دەستی پیّ کردووە.
- لەساڵی ١٩٨٦ سەربازیی بەچیّ هێشتووە و وەك پزیشك پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.
- لەپاش راپەرین لە کۆماری ئیسلامی ماوەتەوەو کاری کردووە. ساڵی ١٩٩٦ گەڕاوەتەوە کوردستان و ماوەی پێنج ساڵ بەرپرسی راگەیاندنی یونیسێف بووە لە کوردستان. ئێستا مامۆستای زانکۆی سلێمانییە.
- بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١. سیستەمی کارپێکردنی دۆس، سلێمانی ١٩٩٧، ١٩٩٨

٢. زمانگیری: تیۆری و چارەسەر، چاپەمەنی زاموا، ١٩٩٨ (وەرگێڕان لە فارسییەوە)

٣. هەژاران، دۆستۆیێفسکی، چاپەمەنیی زاموا، ١٩٩٨(وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە)

٤. ئافرەتێکی تەنیا: ژیان و هەڵبژاردەی هۆنراوەکانی فروغ فەرروخزاد، هەولێر، ٢٠٠١ (وەرگێڕان لە فارسییەوە)

٥. سوپەرسروشت: لێکدانەوەی سروشتیی دیاردە سوپەرسروشتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢ (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە)

٦. Kurdish Phrase-Book: An Easy Way to Learn Essentials of Kurdish Language, Khak Press and Media Center, 2001,2003

٧. تۆ لێرەنی تا ببینی: هەلبژاردەی هۆنراوەکانی فەریدون موشیری، سلێمانی ٢٠٠٧

A Lonely Woman

The Life and Selected Poems of

Forough Farrukhzad

Translated by
Dr Nasih Qeredaxi

Erbil 2001

